# سیاسەتی جیهانیی لە سەدەی بیست و یەکەم و دۆخی کورد



نووسینی: نادر فەتحی (شوانە)

هاوینی ساڵی ٢٠٢٦ ، ئاڵمان

## پێرست:

پێشەکی ..................................................................................٣
هێز، ململانێ و گۆڕانی سیستەمی نێودەوڵەتی ...........................................٨
ئێران و خوڵقاندنی هێزی نیابەتیی ئایینی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست........ ١٤
کوردستان لە ناو دۆخی جیوپۆلیتیکی جیهانیدا ........................................ ٢٩
ژیریی دەستکرد؛ هێزێکی نوێی سیاسەتی جیهانی...................................... ٤١
نەتەوە یەکگرتووەکان و داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی ......................... ٤٨
گوتەی کۆتایی ..................................................................... ٦٣

## پێشەکی

سیاسەتی جیهان لە قۆناغێکی گۆڕانکارییەکی گەورەدایە. بڕیارەکان تەنیا لە دەستی یەک یان دوو دەوڵەتدا نییە؛ **هێزی سیاسی، ئابووری، سەربازیی، تێکنۆلۆژیی و ناوچەیی** بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پێکەوە کار دەکەن. لە دوای کۆتایی شەڕی سارد، ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ هێزی سەرەکیی سیستەمی جیهانی بوو. بەڵام ئێستا **چین، ڕووسیا، هەندێک دەوڵەتی "BRICS"[١] و دەوڵەتە ناوچەییەکان** هەوڵ دەدەن کاریگەریی خۆیان لەسەر سیاسەتی جیهانیی پەرە پێبدەن.

چین بە تایبەتی پشتگیریی سیستەمێکی **چەندجەمسەری** دەکات و لە ڕێگەی "BRICS"وە لەژێر ناوی هاوپەیمانیی ڕێکخراوەی شانگهای"Shanghai Cooperation Organisation" پەرە بە چالاکییەکانی دەدات، هەروەها بە دامەزراندنی پەیوەندیی ئابووریی لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین کاریگەریی خۆی بەربڵاوتر دەکاتەوە. یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکانی سیاسەتی جیهان لەمڕۆدا ئەوەیە:

**ئایا ئەمریکا هێزی سەرەکی دەمێنێتەوە، یان چین وەک هێزی جیهانی داهاتوو دەردەکەوێت؟**

---

[١] ناوی گرووپێکی هاوکاریی ئابووریی و سیاسییە کە لە کۆمەڵێک دەوڵەتی پێشکەوتووی جیهان پێکهاتووە. ئەم دەوڵەتانە بریتین لە: برازیل، ڕووسیا، هیندوستان، چین و ئەفریقای باشوور.

ئەم ململانێیە تەنیا کێبەرکێی سەربازیی نییە؛ بەڵکوو لەمڕۆدا زیاتر لەسەر بوارەکانی تێکنۆلۆژیی و ژیریی دەستکرد، بازرگانیی جیهانیی، کونترۆڵی زنجیرەیی دابینکردن، سەرمایەگوزاریی، کونترۆڵی قوڕنەکانی ئاسیا و ئەفریقا هەروەها کێشە لەسەر تایوان و زەریای چینە.

**شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین** هێشتا یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی ئورووپا. ، ڕووسیا و "NATO" هێشتا بە شێوەیەکی توندوتیژ لەسەر ئەمنییەتی ئورووپا و ئۆکراین کێشەیان هەیە، لە ڕۆژی ١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٦دا ڕووسیا هەڕەشەی بەکارهێنانی هەموو چەشن چەکی ماڵوێرانکەری خۆی لە ئەگەری هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی ڕووسیا کردووە. هاوکاتیش **کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست** کاریگەریی جیهانی هەیە، بە تایبەتی لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا، ئێران، ئیسرائیل و هێزە ناوچەییەکان. کێشەی تەنگەی هۆرموزیش کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر نەوت، گاز و گواستنەوەی وزە و کەلوپەلی جیهانی داناوە.

لە سیاسەتی ئەمڕۆدا **گوشاری ئابووریی** وەک چەک بەکاردێت. سزای ئابووریی و نێودەوڵەتیی واتە قەدەغەکردنی بازرگانی، بلۆکەکردنی دارایی و ژمارە بانکییەکان، ڕاگرتنی هەناردە و هاوردە، قەدەغەکردنی گەشتکردن، سنووردارکردنی پەیوەندیی دارایی و ئابووریی، هەروەها

کێشەی جیوپۆلیتیکی بووەتە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکان لەسەر کەرتی بازرگانی و ئابووریی جیهان.

هاوکات لەگەڵ ئەم شەڕ و کێشانە نایەکسانیی و گۆڕانی کەشوهەوا و لەسەرەوەی هەموویشیانەوە، کێشەی **ئابووریی، وزە، ژیریی دەستکرد، زانیاریی، چەک و کۆنترۆڵی زنجیرەی دابینکردن** بوونەتە ئامرازی سەرەکی هێز. بۆیە دەتوانین بە کورتی سیاسەتی جیهانیی ئەمڕۆ بەو شێوەیە بەیان بکەین: **"جیهان لە سیستەمێکی یەکجەمسەرییەوە بەرەو سیستەمێکی چەندجەمسەری دەگۆڕێت؛ هێزە گەورەکان هاوکات لەگەڵ ململانێی دژ بە یەکتر، ناچار بە هاوکاریش دەبن. شەڕی سایبێری، دۆخی ئابووریی، تێکنۆلۆژیی و ژیریی دەستکرد بوونەتە بەشە سەرەکییەکانی سیاسەتی جیهانی".**

لە ناو ئەم گۆڕانکارییە خێرا و قووڵانەی جیهاندا، کێشەی نەتەوەی کوردیش دەبێتە بەشێک لە پرسیارە گەورەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و داهاتوو. کورد، وەک یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانی جیهان، لە ماوەی سەدەیەکدا لە نێوان چوارچێوەی سیاسەتی نوێی، دەسەڵاتە ناوچەییەکان و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتیی جیاوازدا دابەش کراوە. ئەم دۆخە تەنیا کێشەیەکی مێژوویی یان ناوچەیی نییە؛ بەڵکوو نموونەیەکە چلۆن هێز، تێکنۆلۆژیی، زانیاریی و

سیاسەتی نێودەوڵەتی دەتوانن کاریگەریی لەسەر چارەنووسی نەتەوەکان و کۆمەڵگەکان دابنێن.

لە سەردەمی ژیریی دەستکرد و تێکنۆلۆژیی نوێ، پرسیاری کوردیش ڕەنگێکی نوێ وەردەگرێت: **ئایا تێکنۆلۆژیی نوێ دەتوانێت دەرفەتێکی نوێ بۆ دەنگدانەوەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان، پاراستنی زمان و کولتوور، بەرهەمهێنانی زانیاریی و پەیوەندییە جیهانییەکان دروست بکات؟** یان بە پێچەوانەوە، **ئەو تێکنۆلۆژییە دەکرێت ببێتە ئامرازێکی نوێ بۆ چاودێریی، کۆنترۆڵ، پروپاگەندا، دروستکردنی زانیاریی هەڵە و بەهێزکردنی دەسەڵاتە سیاسییەکان؟**

لەو ڕوانگەیەوە، کێشەی کورد تەنیا پرسیارێکی مێژوویی نییە؛ بەڵکوو پرسیارێکە دەربارەی دادپەروەریی، دەسەڵات، ناسنامە، زانیاریی و مافی گەیشتن بە داهاتوویەکی ڕوون. لە جیهانێکدا کە ژیریی دەستکرد بە شێوەیەکی خێرا دەبێتە بەشێک لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، ئەو نەتەوانەی دەستگەیشتنیان بە دەسەڵات و سەرچاوەکانی زانیاریی سنووردارە، ڕووبەڕووی هەمان پرسیار دەبنەوە کە کورد بە درێژایی مێژوو بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵی بەرەوڕوو بۆتەوە: **چلۆن دەتوانرێت لە جیهانێکی پڕ لە هێز و تێکنۆلۆژیی نوێدا، دەنگ و ناسنامە و مافی نەتەوەکان بپارێزرێت؟**

بەم پێیە، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان سیاسەتی جیهانی، ژیریی دەستکرد و تێکنۆلۆژیی نوێ، بۆ کوردیش تەنیا بابەتێکی تیۆری نییە؛ بەڵکوو بابەتێکی گرنگی ستراتیژییە. چونکە داهاتووی جیهان تەنیا بە هێزی چەک و ئابووریی دیاری ناکرێت، بەڵکوو بە کۆنترۆڵی زانیاریی، توانایی تێکنۆلۆژیی، توانایی بەرهەمهێنانی زانست و بەشداریکردن لە سیستەمی نوێی بڕیاردانیش دیاریی دەکرێت. لەو ڕوانگەیەوە، تێگەیشتن لە ژیریی دەستکرد و کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، بۆ نەتەوەی کوردیش دەتوانێت ببێتە هۆی ناسینی دەرفەت، مەترسیی و ڕێگا و ڕێبازەکانی داهاتوو.

## هێز، ململانێ و گۆڕانی سیستەمی نێودەوڵەتی

سیاسەتی جیهان لە سەدەی بیست و یەکەمدا لە قۆناغێکی گۆڕانکاریی بنەڕەتیدایە. ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا شەڕی سارد و دواتر هەژموونی ئەمریکا ڕووکاری سەرەکیی سیستەمی نێودەوڵەتییان دیاریی دەکرد، لە سەدەی بیست و یەک هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی گەلێک ئاشکرا گۆڕاوە. چین بووەتە هێزێکی گەورەی ئابووریی و تێکنۆلۆژیی، ڕووسیا هێزی سەربازیی و جیوپۆلیتیکی خۆی هێشتووەتەوە، یەکێتیی ئورووپا هەوڵی فراوانکردنی توانایی ستراتیژیی و سەربازیی خۆی دەدات، و گرووپ و ڕێکخراوەکانی وەک"BRICS" کە لە ئێستادا چەند ئەندامی وەک ئێران، ئەندۆنێزیا، میسر و ئیمارەتی عەرەبیشی لێ زیاد بووە، هەوڵ دەدەن کاریگەریی دەوڵەتانی "Global South"[2] لە سیستەمی جیهانیدا بەرز کەنەوە. چین بە ئاشکرا باس لە «جیهانێکی چەندجەمسەری» دەکات و ڕێکخراوەی "BRICS"ش خۆی بە بەشێک لە ئەم ئاراستەیە دەزانێت.

[2] مەبەست لە **Global South** ناوێکی سیاسی–ئابوورییە بۆ کۆمەڵێک وڵات کە زۆربەیان لە **ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست** هەڵکەوتوون، و بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە هەوڵی کارتێکەریی لەسەر سیاسەتی جیهانی دەدەن.

لەم بارودۆخەدا، سیاسەت تەنیا بە مانای دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێوان سەرۆکەکان نییە؛ بەڵکوو بارودۆخی ئابووریی، وزە، تێکنۆلۆژیی، زانستی زانیاریی، ژیریی دەستکرد، چەک، بازرگانی و کۆنترۆڵکردنی زنجیرەی دابینکردنیش بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی هێزی سیاسی جیهان.

## لە جیهانی یەکجەمسەرییەوە بەرەو جیهانی چەندجەمسەریی

دوای کۆتایی شەڕی سارد، بەتایبەتی لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، ئەمریکا بووە هێزی سەرەکیی سیستەمی نێودەوڵەتی. بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردووەوە هاوسەنگیی هێز بە هۆی گەشەی چین، هەڵکشانی هەندێک دەوڵەتانی ئاسیایی، فراوانبوونی کاریگەریی دەوڵەتانی"Global South" و چالاکییەکانی ڕووسیا بۆ پاراستنی کاریگەریی سیاسەتی خۆی، گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

چین بە شێوەیەکی ڕوون پشتیوانیی سیستەمێکی «چەندجەمسەریی» دەکات و لە کۆبوونەوەی "SCO" لە ئەیلوولی ٢٠٢٦دا جەختی لەوە کردووەتەوە کە سیستەمی جیهانی دەبێت بەرەو چەندجەمسەریی و بەشداریی زیاتری بەڕێوەبردنی جیهانی بڕوات.

بەڵام «چەندجەمسەریی» بە مانای کۆتایی هەموو ناکۆکییەکان نییە؛ بە پێچەوانەوە، دەتوانێت ژمارەی ناوچە

و هێزەکان کە لە بڕیاری جیهانییدا ڕۆڵ دەگێڕن ئاڵۆز و ئاستەمتر کاتەوە.

## ئەمریکا؛ هێزی جیهانی و سیستەمی هاوپەیمانیی

ئەمریکا هێشتا یەکێکە لە سەرەکیترین هێزەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی. کاریگەریی ئەمریکا تەنیا لە بواری سەربازیدا نییە؛ بەڵکوو لە بوارەکانی ئابووریی، دارایی، بەهێزبوونی دۆلار، تێکنۆلۆژیی و تۆڕی هاوپەیمانییەکانیشە. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی ئەمریکا لە سەدەی بیست و یەک بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر **ڕکابەریی ستراتیژیی لەگەڵ چین، ئەمنییەتی ئورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆنترۆڵکردنی تێکنۆلۆژییە پێشکەوتووەکان** کاریگەریی هەیە. بەتایبەتی چین بووەتە یەکێک لە گرنگترین کێشە ستراتیژییەکانی واشنگتن. کێشەی تایوان، هەروەها بەرهەمهێنانی چیپە پێشکەوتووەکان، زنجیرەی دابینکردن و تێکنۆلۆژییەکانی ژیریی دەستکرد لە ناوەندی کێشە سەرەکییەکانی ئەم ڕکابەرییەدان.

## چین؛ وەک هێزێکی نوێی ئابووریی و جیوپۆلیتیکی

وڵاتی چین لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە وڵاتێکی گەشەکردووەوە بووەتە یەکێک لە گەورەترین ناوەندە

ئابووریی و تێکنۆلۆژییەکانی جیهان. ئەم وڵاتە هاوکات لە ڕێگەی "BRICS"، هاوپەیمانیی ڕێکخراوەی شانگهای و پەیوەندیی ئابوورییەکانی لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین هەوڵ دەدات کاریگەریی خۆی لە هەموو گۆشەکەنی جیهان فراوانتر بکاتەوە.

لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوەی "BRICS" لە دهلی نویٚ لە ئەیلوولی ٢٠٢٦، چین جەختی لە بەرزکردنەوەی هاوکاریی وڵاتانی "BRICS" و بەهێزکردنی دەنگی "Global South" کردەوە. هەروەها بابەتی ژیریی دەستکرد و هاوکاریی دیجیتاڵی بووەتە بەشێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی نێوان وڵاتی چین و ئەم ڕێکخراوانە. لەبەر ئەوە، چین تەنیا وەک هێزێکی ئابووریی نابینرێت؛ بەڵکوو لە سیاسەتی جیهانیی ئەمڕۆدا **هێزی ئابووریی، تێکنۆلۆژیی و دیپلۆماسییەکەی** بە یەکەوە کاریگەریی دروست دەکەن.

## ڕووسیا و گۆڕانی ئەمنییەتی ئورووپا

شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوە جیوپۆلیتیکییەکانی سەدەی بیست و یەکەم. ئەم شەڕە تەنیا ناکۆکیی نێوان ڕووسیا و ئۆکراین نییە؛ بەڵکوو کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر ئاسایش و ئەمنییەتی ئورووپا، ناتۆ، کەرتی وزە، بازرگانی و پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا هەیە.

ناتۆ لە ساڵی ٢٠٢٦دا جەختی لەوە کردووەتەوە کە شەڕی ڕووسیا لە ئۆکراین گەورەترین هەڕەشەی ئەمنییەتی ئورووپا لە چەندین دەیەی ڕابردوودایە و ئەندامانی ناتۆ توانایی بەرگریی و ڕادەستاندنەوەی خۆیان لە جبهەی ڕۆژهەڵات بەهێزتر دەکەن.  ئەم دۆخەش بووەتە هۆی ئەوەی ئورووپا زیاتر بیر لە **توانایی بەرگریی خۆی، سەربەخۆیی ستراتیژیی و پیشەسازیی سەربازیی** بکاتەوە.

## ئورووپا؛ لە هێزی ئابوورییەوە بەرەو هێزی ستراتیژیی

یەکێتیی ئورووپا لە مێژووی خۆیدا زیاتر بە هێزی ئابووریی و بازرگانی ناسراوە، بەڵام گۆڕانی بارودۆخی ئەمنییەتی جیهان وای کردووە کە کێشەی بەرگریی و توانایی ستراتیژیی ببێتە پێکهاتەیەکی گرنگتر لە دۆخی ئابووریی سیاسەتی ئورووپادا. کۆمسیۆنی ئورووپا لە ساڵی ٢٠٢٦ پڕۆژەی هاوبەشی بەرگرییەکی فراوانی پێشنیار کردووە کە ئامانجی بەهێزکردنی توانایی بەرگریی ئورووپا لە بوارەکانی ئاسمان، دەریا، فەزا، درۆن و بەرگریی مووشەکییە.  لە هەمان کاتدا، ئورووپا هەوڵ دەدات لە بواری **وزە، چیپی ئەلکترۆنی، ژیریی دەستکرد، شەڕی سایبەریی و تێکنۆلۆژیی ستراتیژیی** بەستراوەیی خۆی بە دەرەوە کەم بکاتەوە.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ ناوچەیەکی گرنگی ململانێی جیهانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی شوێنی جغرافیایی، نەوت و گاز، کەنارە ئاوییە ستراتیژییەکان و ناکۆکیی سیاسی و ئایینییەکانیەوە هەمیشە ناوچەیەکی گرنگی سیاسەتی جیهانی بووە. لە ساڵی ٢٠٢٦ کێشەکانی نێوان ئەمریکا، ئێران، ئیسرائیل و هێزە ناوچەییەکان کاریگەرییەکی فراوانیان لەسەر ئەمنییەتی ناوچەکە و بازاڕی وزە داناوە. کێشەی **تەنگەی هۆرموز** بەتایبەتی گرنگە، چونکە هەر گۆڕانکارییەکی گەورە لە گواستنەوەی نەوت و گاز دەتوانێت کاریگەریی لەسەر نرخەکانی وزە و ئابووریی جیهان هەبێت. بانکە جیهانییەکانیش لە هەڵسەنگاندنی ٢٠٢٦دا باسی کاریگەریی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرزبوونەوەی نرخەکانی وزە و کەمبوونەوەی گەشەی جیهانی دەکەن.

## ئێران و خوڵقاندنی تۆڕی کاریگەریی هێزی نیابەتیی ئایینی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئێران لە سیاسەتی ناوچەیی خۆیدا هەوڵی داوە تۆڕێکی فراوان لە هاوپەیمان، باندی تێرۆریستی و گرووپە چەکدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەپێبدات. ئەم تۆڕە لە لوبنان، فەلەستین، عێراق، سوریا، یەمەن و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوە و ئاستی جیاواز دەبینرێت. زۆرێک لە سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان ئەم گرووپانە بە «هاوپەیمان» یان «گرووپی پشتگیریکراوی ئێران» وەسف دەکەن، هەرچەندە ئاستی پەیوەندیی، سەربەخۆیی و وابەستەیی هەر یەکێکیان بە ئێرانەوە جیاوازە. ئامانجی ئەم سیاسەتە تەنیا پەیوەندیی ئایینی نییە؛ بەڵکوو لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی فراوانتری کارتێکەریی و پاراستنی بەرژەوەندیی ئەمنی و جیوپۆلیتیکیی ئێراندا دەبینرێت. بە دروستبوونی ئەم تۆڕە، ئێران توانایی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵێک کێشەی ناوچەیی و گواستنەوەی گوشار بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەدەست هێناوە. بەتایبەتی حووسییەکان لە یەمەن، حەماز لە نەواری غەزە، حیزبوڵلا لە لوبنان و گرووپە چەکدارەکانی عێراق و سوریا لە ساڵانی ڕابردوودا بوونەتە بەشێک لەم هاوسەنگییە جیوپۆلیتیکییە.

لە بەرامبەردا، ناکۆکییەکانی ئێران و ئەمریکا - ئیسرائیل بوونەتە یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ملمێلانێیە تەنیا لە نێوان دوو بەرەدا نەماوەتەوە، بەڵکوو لە هەندێک قۆناغدا لە ناوچەکانی دیکە و گرووپە هاوپەیمانەکانی هەردوو لا بڵاو بووەتەوە. لە ناوخۆی ئێرانیش، سیاسەتی حکومەت لە بەرامبەر نارەزایی مەدەنی و سیاسیی، لە سێدارەدان، دەستبەسەرکردن، دادگایی و سزادانی دژبەرانی حکوومەت بووەتە جێی ڕەخنەیەکی زۆر لە لایەن ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. ڕۆیتەرز لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٦دا ڕاپۆرتی لەسەر بەرزبوونەوەی دەستبەسەرکردن و هەواڵی سزای ئێعدام لە ناوخۆی ئێران بڵاوکردووەتەوە. بەم شێوەیە، سیاسەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو ڕووی گرنگی هەیە: لە دەرەوە، هەوڵ بۆ فراوانکردنی کارتێکەریی و دروستکردنی تۆڕی هاوپەیمانان دەدات؛ و لە ناوخۆ، هەوڵی پاراستنی سیستەمی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی نارەزاییەکان دەدات. تێگەیشتن لە هەردوو ڕووەکە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی جیوپۆلیتیکی ئێران لە سەدەی بیست و یەکەمدا گەلێک گرنگە.

ڕژیمی مەلاکانی ئێران دوای شۆڕشی ساڵی ٧٩ چەندین جار دژ بە خەڵکی ئێران مرۆڤکوژییان بەڕێوەبردووە:

- **١٩٧٩–١٩٨٠:** دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، پەیوەندیی نێوان ڕژیمی نوێی ئێران و هێز و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بە خێرایی بەرەو ئاڵۆزیی ڕۆیشت. کوردەکان، کە بەشدارییەکی گرنگیان لە شۆڕشی دژی ڕژیمی پەهلەوی کردبوو، داوای مافە نەتەوەیی و ناوخۆیی خۆیان دەکرد، بە تایبەتی مافی خۆبەڕێوەبردنی سیاسی و ڕێزگرتن لە زمانی کوردی. بەڵام حکومەتی نوێی ئیسلامی ئەم داواکارییەی بە مەترسییەک لەسەر یەکپارچەیی دەوڵەت دەزانی.
- لە بەهاری ١٩٧٩ەوە لە ناوچە کوردنشینەکان، بە تایبەتی **سنە، مەهاباد، پاوە، بۆکان، مریوان و سەقز**، پێکدادانی چەکداریی لەنێوان هێزە کوردییەکان و هێزەکانی حکومەت دەستی پێکرد. هێزە سەرەکییە کوردییەکان لەو قۆناغەدا **حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (KDPI)** و **کۆمەڵە** بوون.
- لە مانگی ئاگۆستی ١٩٧٩دا، دوای پێکدادانەکانی **پاوە**، ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی هەڵمەتی سەربازیی دژی خەڵکی کوردستان دا و هێزەکانی ئەرتەش، پاسداران و هێزە ئەمنییەکان بۆ کوردستان هەنارده کران. ڕۆژنامەی "Washington Post" لە ١٨ی

ئاگۆستی ١٩٧٩ ڕاپۆرتی کرد کە خومەینی خۆی بە سەرۆکی فەرماندەیی سەربازیی داناوە و فەرمانی سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردی داوە.

- لە دوای ئەوە، هێزەکانی حکومەت هەڵمەتی بەرفراوانیان بۆ سەر شارە کوردنشینەکان دەستپێکرد .**سنە، سەقز** و **مەهاباد** بە تایبەتی بوون بە یەکێک لە سەرەکیترین ناوچەکانی پێکدادان. هێزەکانی حکومەت لە تانک، توپخانە و فڕۆکەی جەنگی کەڵکیان وەرگرت و لە سێپتەمبەری ١٩٧٩دا کۆنترۆڵی مەهاباد و ژمارەیەکی دیکەی شارەکانی کوردنشینی وەرگرتەوە. بەڵام ئەم هەڵمەتە کۆتایی بە بەرخۆدانی کوردەکان نەهێنا. هێزە کوردییەکان زۆرجار لە شارەکانەوە دەکشانەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکان و لەوێوە بەرەنگاری هێزەکانی حکومەت دەبوونەوە. لە ساڵی ١٩٨٠ پێکدادانەکان بەردەوام بوون و حکومەت هەڵمەتی سەربازیی بەرفراوانتری بۆ کوردستان ڕێکخست.
- بەم شێوەیە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩–١٩٨٠دا کوردستان بوو بە یەکێک لە گرنگترین ناوچەکانی ملمێلانێی سیاسی و سەربازیی لە ئێرانی دوای شۆڕش. ئەم سەردەمە بناغەی قۆناغێکی درێژخایەنی پێکدادانی نێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە سیاسی و

چەکدارە کوردییەکانی لێ دروست بوو کە تا ساڵانی دواتریش بەردەوام بوو. جێی سەرنجە خەڵکانی دیکەی ئێران سەرەڕای نارازیبوونی زۆرینەی خەڵکی دژ بە کۆماری ئیسلامیی، نەک هەر هیچ یارمەتیی و پشتیوانییەکی ئەوتۆیان لە نەتەوەی کورد نەکرد، بەڵکوو فریوی پرۆپاگانداى رژێمی ئێرانیان خوارد و لەهەنبەر ئەم مرۆڤکوژییە بێ دەنگ مانەوە.

- **کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٨:** لە مانگی تەمموز تا ئەیلوولی ١٩٨٨، هەزاران زیندانی سیاسی بە شێوەی نهێنی و بێ دادگایی نادادپەروەرانە لە سەرانسەری ئێران کوژران. رێکخراوەی ئەمنیستی ئینترناشناڵ باس لە ژمارەی لانیکەم نزیکەی **٥٠٠٠ مرۆڤ** بۆ ئەم کوشتنانە دەکات و ئەو کردارە بە **جنایەت دژی مرۆڤایەتی** هەڵدەسەنگێنێت.
- **شوڕشی سەوزی ئێران (جنبش سبز)** ناوی ئەو بزوتنەوەی نارەزایەتییە گەورەیە کە لە دوای **هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ١٢ی ژوونی ٢٠٠٩** لە ئێران دەستی پێکرد. ناوی «سەوز» لە ڕەنگی بانگەشەی میرحوسێن موسەوی، کاندیدی سەرەکیی ڕەوتی ڕێفۆرمخواز، وەرگیراوە. لە هەڵبژاردنەکەدا دەسەڵات ڕاگەیاند کە **مەحمود ئەحمەدینژاد** بە دەنگێکی زۆر بردوویەتەوە، بەڵام

موسەوی و بەشێک لە خەڵک ئەنجامەکەیان قبووڵ نەکرد و بانگەشەی **دەستکاریکردن و ساختەکاریی لە دەنگەکان**یان کرد. بەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکاندا، خۆپیشاندانی گەورە لە تاران و شارەکانی دیکە دەستیان پێکرد.

- **خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٩ :**لە خۆپیشاندانەکانی ١٥–١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩، هێزە ئەمنییەکانی ئێران بە بەکارهێنانی چەکی شەڕ زیاتر لە **٣٢١ کەس** یان کوشت.

لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەندین قۆناغدا بە سەرکوتکردنی توندی دژبەران و خۆپیشاندەران هەروەها بە ئێعدام و کوشتنی بەرفراوانی هاووڵاتیان تۆمەتبار کراون. یەکێک لە تاریکترین ڕووداوەکانی ئەم مێژووە، کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٨بوو، کە بە پێی توێژینەوەکانی ڕێکخراوەی ئەمنیستی ئینترناشناڵ"Amnesty International" هەزاران زیندانی سیاسی تێیدا بە شێوەی نهێنی کوژران.

ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» سەرەتا لە کوردستان و دواتر لە سەرانسەری ئێران لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ دەستی پێکرد؛ ڕۆژێک دوای مردنی ژینا (مەهسا) ئەمینی، کچێکی کوردی ٢٢ ساڵەی خەڵکی سەقز، لە پاش دەستبەسەرکردنی لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی ئێرانەوە لە کاتی دەستبەسەریدا

گیانی لەدەست دا. مردنی ژینا بووە هۆی دەستپێکردنی خۆپیشاندانی بەرفراوان کە هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە، و زۆر زوو لە داواکارییەکانی پەیوەندیدار بە ژینا و یاسای حیجابی زۆرەملییەوە تێپەڕین و بوونە ڕاپەڕینێکی گشتی دژی جیاکاریی، سەرکوتکردن و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان و هاووڵاتیان.

دروشمی **"ژن، ژیان، ئازادی"** بووە دروشمی سەرەکیی ئەم بزوتنەوەیە و لە ماوەیەکی کورتدا لە ئێران و دەرەوەی وڵات بڵاو بووەوە. بەشێکی گرنگ لە بەشداریی خۆپیشاندانەکان پەیوەندیی بە ژنان و کچانەوە هەبوو، بەڵام بزوتنەوەکە تەنیا بە ژنان سنووردار نەمایەوە و بەشداریی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی لەخۆگرت. لە ماوەی مانگەکانی دواتردا، هێزە ئەمنییەکانی ئێران بە شێوەیەکی توند و درِەندانە وەڵامی خۆپیشاندانەکانیان دایەوە. ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەڵگەیان لەسەر بەکارهێنانی چەکی شەڕ، دەستبەسەرکردنی خۆسرانە، ئەشکەنجە و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و لەسێدارەدانی سەدان کەسیان کۆکردووەتەوە.

لە ڕاپەڕینی **ژن، ژیان، ئازادی (٢٠٢٢)**، لێژنەی نێودەوڵەتیی سەربەخۆی **UN** کوشتنی **٥٥١ کەسی** لە شێوەی باوەڕپێکراو پشتڕاست کردووەتەوە، لەوانە **٤٩ ژن و ٦٨ منداڵ.** ڕێکخراوەی "Amnesty International" لە

توێژینەوەی نوێتری خۆیدا توانێویەتی **٣٧٧ قوربانی** بە ناو و بەڵگە پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانیان گەلێک لەوە زۆرترن.

**ڕاپەڕینی خەڵکیی لە کۆتایی ٢٠٢٥ و سەرەتای ٢٠٢٦**

لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥دا، شەپۆلێکی نوێی نارەزایی و خۆپیشاندان لە ئێران دەستی پێکرد. سەرەتای ئەم جوڵانەوەیە لە بازاڕی گەورەی تاران بوو، کاتێک بازرگانان و دوکانداران لە دژی دابەزینی توندی بەهای ریاڵ، هەڵکشانی نرخەکان و قەیرانی ئابووری دوکانەکانیان داخست و دەستیان بە مانگرتن کرد. زۆر زوو نارەزایییەکان لە تارانەوە بۆ شارەکانی دیکەی ئێران بڵاو بوونەوە و لە کێشەی ئابووریی تێپەڕین و ڕەنگێکی سیاسی و دژبە ڕژیمیان وەرگرت.

لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، خۆپیشاندانەکان لە ژمارەیەکی زۆر لە شار و ناوچەکانی ئێران تێپەڕی. بە پێی راپۆرتی حکومەتی بەریتانیا، لە سەرانسەری ٣١ پارێزگای ئێراندا خۆپیشاندان ڕوویداوە و هەزاران خۆپیشاندان لە نزیکەی ٢٠٠ شار و شارۆچکە تۆمار کراون. لە ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦دا، ڕاپەڕینەکە گەیشتە لووتکەی خۆی. داواکارییەکان لە سەرەتاوە زۆرتر ئابووریی بوون، بەڵام دواتر بوونە داواکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی؛ لەوانە داواکاریی ئازادیی، کرامەت و مافی مرۆڤ، هەروەها نارەزایی لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی. ئەمەش وای کرد ڕاپەڕینەکە لە

چوارچێوەی نارەزایی ئابووریی دەربچێت و ببێتە یەکێک لە گەورەترین شەپۆلەکانی خۆپیشاندان لە مێژووی کۆماری ئیسلامی.

حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕاپەڕینەکە بە هێزی ئەمنی و نیزامی وەڵامی دایەوە. ڕێکخراوەی "Amnesty International" و "Human Rights Watch" لە سەرەتای مانگی ژانویەی ٢٠٢٦دا بەڵگەی بەکارهێنانی چەکی شەڕ، گازی فرمێسکڕێژ و توندوتیژی لە دژی خۆپیشاندەرانیان ڕاگەیاندووە. تەنیا لە نێوان ٣١ی دێسامبەری ٢٠٢٥ و ٣ی ژانویەی ٢٠٢٦دا، ئەوان توانیبوویان بە زانیاریی پشتڕاستکراوە کوژرانی لانیکەم ٢٨ خۆپیشاندەر و هاووڵاتی لە ١٣ شار و ٨ پارێزگا بسەلمێنن.

لە ڕۆژی ٨ و ٩ی ژانویەی ٢٠٢٦ بە فەرمانی دیکتاتۆر عەلی خامنەیی، قەیرانەکە بە شێوەیەکی زۆر توندتر گەیشتە قۆناغی کوشتاری بەکۆمەڵ. ڕێکخراوەی " Human Rights Watch" ڕایگەیاند بەهۆی سنووردارکردن و پچڕانی ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، قەبارەی ڕاستەقینەی کوژراوان بە ئاسانی ناتوانرێت دیاریی بکرێت؛ بەڵام بەڵگەکانی ئەو ڕێکخراوەیە نیشانیان دەدا کە هەزاران خۆپیشاندەر و هاووڵاتی لەو دوو ڕۆژەدا کوژراون.

لەو ڕۆژانەدا سەبارەت بە ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانییەکان، ئامارەکان گەلێک جیاواز بوون و بەبێ سەرچاوەی ڕوون ئاماژە بە ژمارەیەکی دیاریکراو گەلێک دژوار

بوو. ڕاپۆرتی حکومەتی بەریتانیا، کە زانیارییەکانی تا کۆتایی ژانویەی ٢٠٢٦ کۆکردووەتەوە، ئاماژە بە هەڵسەنگاندنی نزیکەی **١٢ تا ٢٠ هەزار کوژراو** دەکات؛ هاوکاتیش زانیاریی مافی مرۆڤ، تا ٢٨ی ژانویە، **ئاماژەی بە کوشتنی ٦٢٢١ پشتڕاستکراو** تۆمار کردووە و ئاماژەی بە ١٧٠٩١ کەیسی دیکە کردووە کە هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدا ماونەتەوە. هەمان سەرچاوە ژمارەی دەستگیرکراوانی تا ئەو ڕۆژە بە **٤٢٣٢٤ کەس** ڕاگەیاندووە. بە پێی ڕاپۆرتێکی پارلەمانی بەریتانیا، ڕێکخراوەی "Iran Human Rights" تا ٢٩ی ژانویە ژمارەی دەستگیرکراوانی بە نزیکەی ٤٠ هەزار کەس گەیشتبوون، لە کاتێکدا ژمارەی کوژراوان بە شێوەیەکی جیاواز هەڵسەنگانیان بۆ دەکرا.

هاوکات، پێویستە بزانین ژمارەی کوژراوان بەهۆی داخستنی تۆڕی ئینتەرنێت، ترسی خێزانەکان لە دەسەڵات، دەستڕانەگەیشتنی شەفاف بە نەخۆشخانە و ناوەندە پزیشکییەکان، و کۆنترۆڵی زانیارییەکان، بە تەواوی نادیارە. ڕێکخراوەی "Amnesty International" لە ڕاپۆرتی نوێی خۆیدا ئاماژە دەکات کە لە ٨ و ٩ی ژانویەی ٢٠٢٦ هەزاران خۆپیشاندەر و هاووڵاتی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە شێوەیەکی نایاسایی کوژراون.

ئەم ڕاپەڕینە لە ڕووی مێژووییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لە کۆتایی ٢٠٢٥ەوە دەستی پێکرد، بەڵام بە خێرایی

بووە جوڵانەوەیەکی سەرانسەریی و تەنیا بە داواکاریی ئابوورییەوە سنووردار نەمایەوە. لە سەرەتای ٢٠٢٦دا، بە بەکارهێنانی هێزی سوپای پاسداران و کوشتنی سیستماتیک، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ و سنوردارکردنی پەیوەندییە مێدیاییەکان، قۆناغێکی نوێی توندوتیژیی دەسەڵات لە دژی نارەزاییە گشتییەکانی دروست کرد. بەم شێوەیە، ڕاپەڕینی ٢٠٢٥–٢٠٢٦ دەکرێت بە کاردانەوەی گرنگی زنجیرەی ڕاپەڕین و نارەزاییە گشتییەکانی ساڵانی ڕابردوو لە ئێران دابنرێت؛ بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ٢٠٢٢، کە هەر وەک ئاماژەمان پێکرد، بە کوشتنی ژینا (مەهسا) ئەمینی دەستی پێکرد. بەڵام ڕاپەڕینی ٢٠٢٥–٢٠٢٦ لە ڕووی هۆکاری دەستپێکردنی نارەزایەتیی، قەبارەی بەشداران و شێوازی وەڵامدانەوەی دەسەڵات، تایبەتمەندییەکانی خۆی هەبوو.

هەندێک سەرچاوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ژمارەی **زیاتر لە ٣٦,٥٠٠** کوژراو بۆ دوو ڕۆژی سەرکوتکردنی ژانویەری ٢٠٢٦ یان بڵاوکردووەتەوە، بەڵام خۆی ئەو سەرچاوەیەش دان بەوەدا دەنێت کە پشتڕاستکردنەوەی سەربەخۆی ئەو ژمارەیە بەهۆی سنووردارکردنی زانیاریی و پەیوەندییەکان لە ئێراندا گەلێک ئاستەم و ئاڵۆزە. لە بەرامبەردا، سەرۆکی ئێران مسعوود پزشکیان ژمارەکانی ٣٠–٦٠ هەزار کوژراوی ڕەت کردووەتەوە و وتوویەتی ژمارەی کوژراوان لە چەند هەزار کەس تێپەڕ نەبووە!

له مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، سەرکوتکردنی نارەزاییە گشتییەکان چەندین جار بە بەکارهێنانی چەکی شەڕ، دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ و پەلامار و کوشتن لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی سوپای پاسداران وەڵام دراوەتەوە. لەم دواییانەدا ڕژیمی مەلاکان بۆ سەرکوتکردنی نارەزایی خەڵکی پەنایان بۆ هێزە نیابەتییەکان بەتایبەت لە ئێراق، ئەفغانستان و پاکستان و هتد... بردووە و منداڵان و ژنانی لایەنگری خۆی بە زۆرەملێی هێناوەتە ناو ئەم شەڕەوە.

## هێزە نیابەتییەکان و توندوتیژکردنی سەرکوتی ناوخۆیی

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ و سەرەتای ٢٠٢٦دا، کاتێک نارەزاییەکان لە ئێران بە شێوەیەکی بێوێنە بەرێوەچوون، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەموو توانایەکانی ئاسایشی و سەربازیی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ناوەوەی وڵات بەکار هێنا. لە سەرەتاوە هێزەکانی سوپای پاسداران، بسیج و پۆلیسی ئێران ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکاندا هەبوو. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەڵگەیان لە بەکارهێنانی چەک، تەقەکردنی ڕاستەوخۆ بە پلانی پێشتر دارێژراو و سیستماتیک دژ بە خۆپیشاندەران،

دەستگیرکردنی سیستماتیکی و توندوتیژیی لەلایەن ئەم هێزانەوە کۆکردووەتەوە.

هاوکاتیش، ڕۆڵی هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران گەلێک بەرچاوە. کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی پێشوو هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، تۆڕێکی فراوانی هێزی چەکداری هاوپەیمانی لە عێراق و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە. ئەم هێزانە لە سیاسەتی ناوچەیی ئێراندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە. بەڵام ئێستا بەڵگەی سەلمێنراوی کافی هەیە کە بتوانین بڵێین ئەم هێزانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و سیستماتیک بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی ناوخۆی ئێران هێنراونەتە ناو وڵاتو کەڵکیان لێوەرگیراوە. لە توێژینەوەیەکی نوێدا باس لە «ماشێنێکی ڕێکخراوەی سەرکوت» دەکرێ کە سوپای پاسداران و فەرماندەیی پۆلیسی ئێران بەرپرسایەتیی ئەو سیستەمەیان لەسەر شانە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە ئەوە بوو کە سەرکوتی نارازییان تەنیا بە کوشتن و بریندارکردنی خۆپیشاندەران کۆتایی نەهات؛ بەڵکوو دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ، کوشتنی سیستماتیکیی، کوێرکردنی خۆپێشاندەران بە هۆی تفەنگی ساچمەیی، ونبوونی لەناکاوی مرۆڤانی نارازیی، ئەشکەنجە و هەڕەشەی سزادانی سێدارە و گوشارهێنان بۆ بنەماڵەی کوژراوانیش بەشێک بوون لە وەڵامی دەسەڵات. ڕێکخراوەی ئەمنیستی ئینترناشناڵ لە ٣٠ی ژانویەی ٢٠٢٦دا ڕایگەیاند

هەزاران کەس لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕاپەڕینەکەدا بە شێوەی نایاسایی دەستگیرکراون و ژمارەیەکی زۆریان لە مەترسی ئەشکەنجە و دادگایی نادادپەروەرانەدان. ئەوانەی ئازادیش کراون بە شێوەیەکی نادیار و سەرسووڕهێنەر دوای ماوەیەک تووشی نەخۆشیی سەیروسەمەرە بوون و گیانیان لە دەست داوە. ڕێکخراوەی "Human Rights Watch" لە ٦ی ژانویەی ٢٠٢٦دا پشتڕاستی کردووەتەوە کە لە نێوان کوژراو و برینداربووانی سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا منداڵانیشی تێدا بووە. هەروەها ئەو ڕێکخراوەیە لە دوایین راپۆرتەکانی خۆیدا باس لە دەستگیرکردنی منداڵان و ئەشکەنجە و گوشاری ڕەوانی لەسەر ئەوان دەکات.

بەم شێوەیە، ڕاپەڕینی ٢٠٢٥–٢٠٢٦ تەنیا بە ناڕازیبوونی ئابووریی دەستی پێنەکرد و بە سەرکوتکردنێکی ئاسایی، کۆتایی پێ نەهات؛ بەڵکوو بووە قۆناغێکی نوێ لە پێکدادانی نێوان کۆمەڵگەی ناڕازی و دەسەڵاتێک کە بۆ پاراستنی خۆی لە هەموو ئامرازە ئەمنی، سەربازیی و یاساییەکانی خۆی سوودی وەرگرت و بۆ ڕاگرتنی هێزی سیاسی، بەسەر لاشەی مرۆڤی دەستبەتاڵ کە تەنیا بۆ مافی ئازادیی هاتبوونە سەر شەقامەکان، تێپەڕی. هەمان شێوەی سەرکوت، بە تایبەتی بە بەکارهێنانی هێزی مرۆڤکوژ، لە ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ٢٠٢٢شدا بینرا؛ ڕێکخراوەی "Amnesty International"لە توێژینەوەی ٢٠٢٦دا ئەو هەڵسوکەوتانە بە سیستەمێکی ڕێکخراوەی سیستماتیکیی سەرکوتگەر

ناودەبات کە بە بەکارهێنانی چەکی شەڕ و کەڵکوەرگرتن لە هێزی دژ بە مرۆڤی وەک سوپای پاسداران و پۆلیس بۆی مسووگەر کراوە.

## کوردستان لە ناو دۆخی جیوپۆلیتیکی جیهانیدا

کوردستان بەهۆی شوێنی جغرافیاییی خۆی لە ناوچەیەکی زۆر گرنگی جیهاندا هەڵکەوتووە؛ وڵاتێک کە بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق و سوریەدا دابەش کراوە. لەبەر ئەوە، پرسی کورد تەنیا بابەتێکی ناوخۆیی نییە؛ بەڵکوو لەگەڵ ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەوت، ئاسایش، شەڕی داعش، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، وڵاتانی ئورووپایی، عێراق، تورکیا، ئێران و سوریە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە.

لە عێراق هەردوو هێزی سەرەکیی کورد، حیزبی دێمۆکرات "KDP" و یەکیەتیی نیشتمانی "PUK" لە تیۆرییدا بەشێکی سیستەمی سیاسیی عێراقن. هەروەها پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، بە تایبەتی لەسەر نەوت و بودجە، بەردەوام کاریگەریی لەسەر پێگە و جێگەی سیاسیی هەرێم دادەنێ.

لە سوریەش لە ساڵی ٢٠٢٦وە حکومەتی دەمەشق و "SDF" بە سەرکردایەتی کوردەکان بۆ یەکخستنەوەی دامەزراوە و هێزە کوردییەکان لە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتی سوریە کەوتوونەتە گفتوگۆوە؛ ئەمەش ئەگەر بەردەوام

بمێنێتەوە، گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هاوسەنگیی هێز لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریە لە ئەژمار دێت.

لە تورکیاش پرۆسەیەکی سیاسی بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێی درێژخایەنی نێوان دەوڵەتی تورکییە و "PKK" لە ساڵی ٢٠٢٦دا هاتۆتە ئاراوە کە پ.ک.ک. ناچار بە دانانی چەک دەکات، بەڵام هەر وەک دۆخی سیاسی لە سوریا، سەبارەت بە چۆنیەتی و ئەنجامی ئەو پرۆسەیەش ناکۆکی و جیاوازیی بۆچوون هەیە و داهاتووی گەلێک ناڕوون و نادیارە.

ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ئێران لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردووەوە بەشێک بووە لە دژایەتیی سیاسی و شەڕی چەکداریی بەرامبەر کۆماری ئیسلامی. لە ناو گرنگترینی ئەم حیزب و ڕێکخراوەکاندا دەتوانرێت ئاماژە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە، پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان(PJAK) ، پارتی ئازادیی کوردستان (PAK) و هەندێک ڕێکخراوەی دیکەی کوردی بکرێت. زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە بنکە و بارەگاکانیان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدایە و لە ناوخۆی ئێرانیش تۆڕی نهێنی و مەدەنییان پێکهێناوە.

گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٦دا ڕوویدا: پێنج ڕێکخراوەی سیاسی کوردی "هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"یان دامەزراند. ئەو

هاوپەیمانییە سەرەتا لە نێوان PDKI ، PJAK، PAK، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوەی خەباتی کوردستانی ئێران پێکهات. لە ٤ی ئازاردا کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانیش پەیوەندیی بە هاوپەیمانییەکەوە کرد و بوونە هێزێکی شەش‌حیزبی.

ئامانجی سەرەکیی ڕاگەیەنراوەکانی ئەم هاوپەیمانییە بریتین لە گۆڕین یاخود ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک و فیدراڵ لە ئێران. بەڵام حیزبە کوردییەکان لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی پرسی کورد و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانیاندا هەموویان یەکسان نین.

## کێشەی سەرەکی چییە؟

کێشەی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ئەوەیە لە نێوان توانایی سیاسی، توانایی چەکداریی و یەکگرتوویی ناوخۆییدا جیاوازیی هەیە. زۆربەی هێزە چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق جێگیرن، هاوکاتیش قەبارە و توانایی سیاسیان لە ناوخۆی ئێران بە تەواویی شەفاف نییە. ئاماژە بەوەش بکەین خەملاندنی هێزی ڕاستەقینەی سەربازیی ئەم گرووپانە و تواناییان بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنێکی گەورە گەلێک نادیارە. لە ناوخۆی ئێرانیش، گوشار لەسەر کوردەکان گەلێک زۆرە. بەپێی راپۆرتی حکومەتی بەریتانیا، لە خۆپیشاندانەکانی دێسامبەری ٢٠٢٥ و ژانویەی ٢٠٢٦دا

زیاتر له دوو هەزار مرۆڤی تێکۆشەری کورد دەستگیر کراون و کوشتنی نزیکەی ٢٤٠ مرۆڤی ئازادیخوازی کوردیان بە دەستی زاڵمانی ڕژیمی مەلاکان پشتڕاست کردۆتەوە. هەروەها تێکۆشەرانی کورد بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە لە نێو دەستگیرکراوانی سیاسی زیندانی هەڵسوکەوتی دڕەندانەیان لەهەنبەردا دەکرێ و بەردەوام سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێندرێت.

## بارودۆخی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە عێراق

هاوکات لەگەڵ ئەوەی بنکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە چەند ساڵی ڕابردووەوە بەردەوام ئامانجی هێرشەکانی ئێران بوون، بەتایبەتی لە دوای دەستپێکردنی شەڕی ئێران و ئەمریکا-ئیسرائیل لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٦، هێرشی مووشەکی و درۆنییەکانی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردییەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەکی زۆر بەرزبۆتەوە. ئەمەش دۆخێکی ئاڵۆزی دروست کردووە: حیزبە کوردییەکان لە لایەکەوە دەیانەوێت لە دژی ڕژیم چالاک بن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستانی عێراق و خۆیان دەکەونە بەر مەترسیی هێرشی ئێران. هەروەها حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم نایانەوێت خاکی عێراق ببێتە بنکەی هێرشی سەربازیی دژی ئێران. بۆیە قۆناغەکانی دۆخی ئەمڕۆی ئۆپۆزیسیۆنی کورد

دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەم شێوەیە پوختە بکرێتەوە:

**ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ئێران لە ساڵی ٢٠٢٦ لە قۆناغێکی نوێدایە: لە لایەکەوە هەوڵی یەکخستنی هێزە سیاسییە جیاوازەکان دەدرێت، کە دروستبوونی هاوپەیمانیی شەش‌حیزبیی شوباتی ٢٠٢٦ نموونەیەکی گرنگی ئەو هەوڵەیە؛ لە لایەکی دیکەشەوە سەرکوتی ناوخۆیی، سنوورداربوونی توانایی چەکداریی، گوشاری ئێران لەسەر بنکەکانیان لە هەرێمی کوردستان و جیاوازیی سیاسی و ستراتیژیی نێوان حیزبەکان، گرنگترین بەربەستی سەرەکیی بەردەمیانن.**

هەر بۆیە، **داهاتووی پرسی کورد بەشێکە لە جیوپۆلیتیکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**؛ بەڵام شێوە و ئەنجامی ئەو داهاتووە ڕاستەوخۆ بە پەیوەندیی نێوان هێزە کوردییەکان، دەوڵەتە ناوچەییەکان و هێزە جیهانییەکانەوە پەیوەستە.

سیاسەت و پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە کوردەکان بە جیاخواز و بە دوژمنی بەشەکانی دیکەی ئێران نیشان بدات. دوای چەندین شەڕی گەورە لە دژی کوردەکان، دەوڵەت هێشتا نەتەوەی کورد وەک هاوڵاتیانی پلەی دووەم سەیر دەکات. سەرکوتکردنی سیاسی و کلتووریی گەلی کورد لە ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی

پەهلەوی و لە ژێر دەسەڵاتی ڕەزاشا و محەممەد ڕەزاشاوە دەستی پێکردوە. ئەم سەرکوتکردنە لە کاتی کۆماری ئیسلامیدا توندوتیژتر بۆتەوە و شێوەیەکی دڕندانە و خوێناویتری بەخۆوە گرتووە.

لە سەد ساڵی ڕابردووەوە، کوردەکان لە پرۆسەی یاسادانان و بەشداریی سیاسیی کاریگەر بێبەش کراون. ئامانجی خۆپیشاندانەکان لە کوردستان، کۆتاییهێنان بەم نادادپەروەرییە سیستەماتیکییەیە؛ هەروەها کۆتایی پێهێنانی پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤە کە دەبێت بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک گۆڕانیان بەسەردا بێت.

بە پێی بەرنامەی حیزبەکان لەو دیموکراسییەدا، هەموو مرۆڤێک، بەبێ جیاوازیی لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک، ناسنامەی نەتەوەیی، زمان، ئایین یان بۆچوونی سیاسی، دەبێت لەبەردەم یاسادا یەکسان بن و بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

کاتێک مرۆڤ بیر لە ژیانێکی ڕێکخراو و ئاشتییانە دەکاتەوە، لە سەرەتادا دوو چەمک بە مێشکیدا دێن کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە یەکەوە هەیە :**سەقامگیری** و **ئارامی**. سەقامگیری و ئارامی هەردووکیان بنەمای سەرەکیی پێکهێنانی سیستەمێکی مرۆڤانەن و بۆ ژیانێکی ئاشتییانەی نێوان خەڵکانی جیاواز پێویستی حەیاتیان هەیە.

مرۆڤ دەڵێت: مێژوو خۆی دووپات ناکاتەوە! بە شێوەیەکی قووڵتر ئەگەر سەیری ئەو دیاردەیە بکەین لە چەند دەیەی ڕابردووەوە دۆخی کورد بەردەوام دووپات دەبێتەوە. «کێشەی حزبە کوردییەکان» پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ "**کێشەی گواستنەوە لە کۆمەڵگای کۆن بۆ سیاسەتی مۆدێرن**"وە هەیە. توێژینەوەکان بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیشان دەدەن **سەرکردایەتیی کاریزماتیک، نەبوونی شەفافیەت، تۆڕەکانی پاتروناژ[٣]/پشتگیری و کاریگەریی بنەماڵە و هەڵسوکەوتی عەشیرەتی** هێشتا بەشێک لە ساختاری سیاسیی ئەم کۆمەڵگایەن. هەروەها توێژینەوەیەکی نوێتر لە ٢٠٢٦دا کە بۆچوونی ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردی لە چوار بەشی کوردستانی لەخۆگرتووە، باس لە **گەندەڵی، خۆپەرستیی سیاسی و تۆڕەکانی پاتروناژ** وەک چەند لە کۆسپە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواریی دەکەن.

**بۆچی ئەم دووبارەبوونەوەیە ڕوودەدات؟** یەکەم هۆکار ئەوەیە کە **مێژوو خۆی دووپات ناکاتەوە، بەڵکوو ئەوە مرۆڤە هەندێک میکانیزمی کۆن دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە.** ئەگەر سەیری مێژووی سیاسیی کورد لە

---

[٣] **پاتروناژ (Patronage)** چەمکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. بە کوردی دەتوانرێت بگوترێت: **سیستەمی پشتگیریی کەسی و دەسەڵات.**

سەدەی بیستەمدا بکەین، دەبینین زۆرێک لە کێشەکان لە دەوری ئەم دۆخانە دەسوورێنەوە:

**کەسایەتی -> بنەماڵە -> عەشیرەت -> حزب -> دەسەڵات.**

کاتێک ئەم زنجیرەیە بە تەواوی نەگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر ناوی حزب و دروشمە سیاسییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت، **شێوازی بەرهەمهێنانی دەسەڵات** دەتوانێت هەمان شت بمێنێتەوە.

توێژینەوەی (Cambridge University Press)[4] ساڵی ٢٠٢١ لەسەر ڕۆڵی عەشیرەت لەسەر سیاسەتی کورد دەڵێت: "سیستەمی عەشیرەتی لە سەدەی بیستەمدا یەکێک بووە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کورد، هەرچەندە ڕۆڵ و شێوەی کاریگەرییەکەی بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە". ئەم بابەتە بە شێوەیەکی گشتی دەخاتەڕووکە هەڵسوکەوت و نەریتی **عەشیرەتی** لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورددا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، بەڵام ئەو ڕۆڵە لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگا و سیاسەت شێوازی جیاوازی گرتووە.

کارتێکەریی **ئایین، شێخ و مەلا، کۆنەپەرەستیی، دابونەریتی کۆن لەناو کۆمەڵگای کوردەواریی گەلێک باوە.**

---

[4] لە کتێبی **The Cambridge History of the Kurds**، بەشی ٢٣، لاپەڕەکانی ٥٨١–٦٠٠

**دیارە** لێرەدا پێویستە جیاوازییەک دابنێین لە نێوان **ئایین و بەکارهێنانی سیاسیی ئایین**. کێشەکە بە پێی توێژینەوەکان بە سادەیی ئەوە نییە «ئایین لەناو کۆمەڵگادا بوونی هەیە»؛ بەڵکوو کاتێک **دەسەڵاتی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی** تێکەڵ دەکرێن، دەتوانێت بۆ گۆڕینی ساختاری دەسەڵات، بەربەست دروست بکات. لە هەندێک توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا کاریگەریی تەقلیدیی، عەشیرەت و پیاوسالاریی لەسەر بەشداریی ژنان بە شێوەیەکی ڕوون باسی لێوە کراوە. هاوکاتیش نابێت ئەم وێنەیە بۆ هەموو کوردستان بە یەکسانی سەیر بکرێت؛ بۆ نموونە، هەندێک بزووتنەوە و حزبی کوردیی بە شێوەیەکی ئاشکرا هەوڵیان داوە **بەشداریی ژنان و یەکسانیی ڕەگەزی** بخەنە ناو بنەمای سیاسەتی خۆیانەوە.

**پیاوسالاریی** یەکێکیترە لەو دیوەزمانەی سەر شانی کۆمەڵگای کوردەواریی کە تەنیا کێشەیەکی تاکەکەسیی نییە، بەڵکوو وەک **سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی** لێهاتووە. ئەگەر لە ناو خێزاندا بڕیارە سەرەکییەکان زۆرجار لەلایەن پیاوەوە بدرێن، لە ناو عەشیرەتدا ڕێز، کاریگەریی و دەسەڵات بە پیاوان و بنەماڵەکانەوە پەیوەست بێت، هەروەها لە ناو حزبەکاندا دەسەڵاتی سیاسی لە دەوری ژمارەیەکی کەم لە سەرکردە پیاوە بەهێزەکان کۆببێتەوە، ئەوا گۆڕینی ناوی حزب، درووشمەکان یان بەرنامەی سیاسی بە تەنیا بە مانای گۆڕینی شێوازی دەسەڵات نییە.

لەو بارودۆخەدا، حزب دەتوانێت لە ڕووی بەرنامە و گوتاری سیاسییەوە خۆی بە نوێ و پێشکەوتووخواز بناسێنێت، بەڵام شێوازی بەدەستهێنان، دابەشکردن و پاراستنی دەسەڵات هێشتا دەتوانێت لەسەر هەمان نەریتە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان دامەزرابێت. مەبەست لە «کۆد و کلتووری دەسەڵات» ئەو نەریت و ڕێوشوێنانەیە کە دیاریی دەکەن: **کێ دەسەڵاتی هەیە، کێ بڕیار دەدات، کێ لە سەرچاوەکانی دەسەڵات نزیکە،** و **کێ دەتوانێت بگاتە پلە بەرزەکانی بڕیاردان.** ئەگەر ئەم بنەمایە نەگۆڕێت، ئەوا دەکرێت لە **گوتاردا سیاسەتێکی نوێ بێت، بەڵام لە کردەوەدا شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات کۆن بمێنێتەوە.**

بە واتایەکی دیکە، گۆڕینی سیاسی تەنیا بە گۆڕینی درووشم و بەرنامە ڕوونادات؛ گۆڕینی ڕاستەقینە ئەو کاتە ڕوودەدات کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش بگۆڕدرێن: لە کەسایەتی بۆ دامەزراوە، لە بنەماڵە بۆ یاسا، لە پیاوسالاریی بۆ بەشداریی یەکسان، و لە وفاداریی کەسی بۆ بەرپرسیارێتیی دامەزراوەیی.

توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لە ٢٠٢٦/٢٠٢٥ لەسەر پەیوەندیی ڕەگەزیی سیاسەتی کوردی، بە تایبەتی لە نێوان هەندێک ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی ڕۆژهەڵات لە ئوروپا، دەڵێت: "هاوکات لەگەڵ ئەوەی هۆشیاریی یەکسانیی ڕەگەزیی بەرزبۆتەوە، **جیاوازیی نێوان گوتار و کردار** هێشتا بەردەوامە و پیاوسالاریی کاریگەریی لە پەیوەندییەکانی

دەسەڵاتدا هێشتۆتەوە". کێشەکە تەنیا **«کۆنبوون»** نییە؛ کێشەکە **"دامەزراوەی کۆنە".** ئەوەی بەڕاستی گرنگە ئەوەیە:

**حزبێک دەتوانێت دروشمی زۆر پێشکەوتووی هەبێت، بەڵام خۆی بە شێوەیەکی کۆن بەڕێوە ببات.**

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان لە گواستنەوە بۆ سیستەمی دێمۆکراتیک، جیاوازیی نێوان **"گوتاری دێمۆکراتیک"** و **"کرداری دێمۆکراتیک"**ە. دێمۆکراسی تەنیا کۆمەڵێک یاسا، دەستوور، هەڵبژاردن و درووشمی سیاسی نییە؛ بەڵکوو کولتوورێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە دامەزراندنی پێویستی بە کات و ئەزموونی بەردەوام هەیە.

ناتوانرێت مرۆڤێک یان کۆمەڵگایەک تەنیا بە ڕاهێنانی چەند بنەمایەکی دێمۆکراسی، لە ماوەیەکی کورتدا بۆ کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک ڕابهێندرێت. کولتووری دێمۆکراتیک لە ڕێگەی پەروەردە، ئەزموونی کۆمەڵایەتی، ڕێزگرتن لە جیاوازیی، قبوڵکردنی نەیاران، ئازادیی ڕادەربڕین، یاساپەروەریی و ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر بڕیاردانی بەشدارانی جیاوازی کۆمەڵگا دروست دەبێت. بۆیە، زۆر کەس لە گوتاردا دەتوانن لەسەر دێمۆکراسی، ئازادیی و یەکسانی ئاخافتن بکەن، بەڵام کاتێک دەگاتە کردار، بە شێوازی پیاوسالاریی، کەسایەتیپەرست، عەشیرەتی یان دەسەڵاتخوازانە هەڵسوکەوت دەکەن. لێرەدا جیاوازیی

نێوان **"باوەڕمەندیی بە دێمۆکراسی" و " ئەزموون و ژیان بە کولتووری دێمۆکراتیک"** گەلێک ڕوون و ئاشکرایە.

لە کۆمەڵگایەکدا کە مێژووی درێژی دەسەڵاتی نا-دێمۆکراتیک، پیاوسالاریی، پەیوەندیی عەشیرەتیی یان سەرکردایەتیی کەسایەتیی تێدا باو بووە، گواستنەوە بۆ کولتووری دێمۆکراتیک پڕۆسەیەکی درێژخایەن دەبێت. نەوە بە نەوە دەبێت فێری ئەوە ببێت "دەسەڵات"، مافی تایبەتی کەسێک یان بنەماڵەیەک نییە، بەڵکوو بەرپرسیارێتییەکی کاتی و سنووردارە کە دەبێت لەژێر چاودێریی یاسا و کۆمەڵگادا بمێنێتەوە.

لەبەر ئەوە، دەتوانین بڵێین **دێمۆکراسی تەنیا سیستەمێکی سیاسی نییە کە بتوانرێت بە یاسا دابمەزرێت؛ کولتوورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە دەبێت بە تێپەڕبوونی کات، پەروەردە و ئەزموونی دێمۆکراتیک لە ناو کۆمەڵگادا جێگیر بکرێت.** هەرچەندە مرۆڤ لەگەڵ دێمۆکراسیدا لەدایک نابێت، بەڵام دەتوانێت لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیکدا فێری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دێمۆکراتیک بێت.

## ژیریی دەستکرد؛ هێزێکی نوێی سیاسەتی جیهانی

لە سەدەی بیست و یەکەمدا هیچ بابەتێک بە ڕادەی ژیریی دەستکرد "Artificial Intelligence" نەیتوانیوە پەیوەندیی نێوان تێکنۆلۆژیی و سیاسەت بگۆڕێت.

ژیریی دەستکرد لەمڕۆدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بوارەکانی ئابووریی، بازاڕی کار، زانیاریی و میدیاکان، شەڕی سایبەریی و سیکیوریتی، بەرگریی و پارێزگاریی لە وڵات، بواری پزیشکی، خوێندن و ڕاهینان، بەرهەمهینان، چاوەدێریی و بڕیاردانی حکومەتەکان هەیە.

لە ساڵی ٢٠٢٦دا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوەیەکیان بە ناوی "Global Dialogue on AI Governance" دامەزراند و یەکەم کۆبوونەوەی جیهانیی لە ٦–٧ی جولای ٢٠٢٦ لە ژنێڤ بەڕێوەچوو. ئەم پرۆسەیە ١٩٣ دەوڵەتی ئەندامی UN و کۆمەڵێک لایەنی تایبەتی زانکۆیی و تێکنۆلۆژیی لەخۆ گرتووە.

ئەم کارەش خۆی نیشانەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی ژیریی دەستکرد چیتر تەنیا کێشەی تێکنۆلۆژیی نییە؛ بەڵکوو بووەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. هەروەها ڕاپۆرتی زانستیی UN لە ساڵی ٢٠٢٦دا ئاماژە بەوە دەکات پێشکەوتنی ژیریی

دەستکرد و تێکنۆلۆژیی نوێ گەلێک خێراتر لە گەشەی یاسا و سیستەمی بەڕێوەبردنیان بەڕێوەیە؛ بۆیە "کەلێنی بەڕێوەچوون" بووەتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی مەترسیدار.

کاتێک حکومەتێک ناتوانێت یاسای گونجاو بۆ کێشەیەک جێبەجێ بکات، ئاسایشی شاروەندانی دابین بکات، خزمەتگوزارییەکان بە باشی بەڕێوە نەبات، توانایی کۆنترۆڵی سنوورەکانی نەبێت یان متمانەی خەڵک بەدەست نەهێنێت، لەو شوێنەدا **کەلێنی بەڕێوەبردن** دروست دەبێت.

**بۆچی مەترسیدارە؟**

چونکە کاتێک حکومەت بۆشاییەک بەجێدەهێڵێت، هێزەکانی دیکە دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە؛ بۆ نموونە: گرووپی زێدەڕۆ، هێزی نیابەتیی یان تەنانەت هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زێدەڕۆی ناوخۆیی چەپ و ڕاست و هتد.. دیارە **کەلێنی بەڕێوەبردن بۆخۆی مەترسی نییە؛** بەڵکوو دەکرێت بۆشاییەکەی ببێتە شوێنێک بۆ دروستبوونی مەترسیی ئەمنی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی.

"لاوازیی و کەلێنی بەڕێوەبردن"، کە لە نەبوونی توانایی دامەزراوە حکومییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاریگەریی کۆمەڵگا و دابینکردنی ئاسایش و نەبوونی لێهاتوویی خزمەتگوزاریدا

دەردەکەوێت، دەتوانێت شوێنێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی هێزی زێدەڕۆ و نادێمۆکراتیک دروست بکات.

ژیریی دەستکرد دەتوانێت یەکێک لە ئاکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕانی شێوازی حوکمڕانی و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا بێت. ئەم تێکنۆلۆژییە لە لایەکەوە توانایی دەوڵەت بۆ شیکردنەوەی زانیاریی، باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و یارمەتیدانی بڕیاردان بەرزدەکاتەوە؛ بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر بەبێ چاودێریی یاسایی و دامەزراوەیی بەکاربهێنرێت، دەتوانێت هەمان توانایی تێکنۆلۆژیی بۆ ئامرازێک بگۆڕێت کە کۆکردنەوەی زانیاریی، چاودێریی، دەستکاریکردنی زانیاریی و کۆکردنەوەی هێزی سیاسی دژ بە خەڵک بورووژێنێ. ڕێکخراوەی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووریی "OECD" گەلێک بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنانی نادروستی ژیریی دەستکرد"AI" لەلایەن حکومەتەکانەوە دەتوانێت مافی تاکەکەسیی سنووردار بکات و چاودێریی بەرفراوان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پەرەپێ بدات.

یەکێک لە گرنگترین مەترسییەکان "**دەستکاریکردنی بۆچوونی گشتی**"یە. ژیریی دەستکرد دەتوانێت بە خێرایی ژمارەیەکی زۆر و گەورەی دەق، وێنە، دەنگ و ڤیدیۆی ساختە دروست بکات؛ بە چەشنێک کە جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینە لە ناوەڕۆکی ساختە بۆ بەکارهێنەر ئاسان

نەبێت. ئەمە بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردن و قەیرانە سیاسییەکاندا گەلێک گرنگایەتیی دەبێت، چونکە دەتوانێت شوێنی زانیاریی پڕ لە هەواڵی هەڵە و دەستکاریکراو دروست بکات. ڕێکخراوەی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووریی "OECD"ئەم مەترسییە بە «دەستکاریی زانیاریی هەڵە، فێڵ و درۆی زیان پێگەیشتن بە دیموکراسی» پەیوەست دەکات، و هاوکات نەتەوە یەکگرتووەکان لە توانایی ژیریی دەستکرد بۆ کاریگەریی لەسەر دەنگدەران و بۆچوونی گشتی ئاگادار دەکاتەوە.

مەترسیی دووەم "**دەستکاریکردنی هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراتیک**"ە. لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا، بڕیاری سیاسی پێویستی بە شوێن یاخود فەزایەکی زانیاریی کراوە و متمانەپێکراو هەیە. بەڵام ژیریی دەستکرد دەتوانێت پەیامە سیاسییەکان بە شێوەی زۆر تایبەتی بۆ گرووپە جیاوازەکانی دەنگدەران دابین بکات و هاوکاتیش ناوەڕۆکی جیاواز بۆ هەر گرووپێک دروست بکات. ئەم کارە خۆی لە خۆیدا هەمیشە نایاسایی نییە، بەڵام کاتێک بە شێوەی شاراوە بۆ فێڵکردن، ترساندن یان گۆڕینی بڕیاری سیاسی بەکاربهێنرێت، بنەمای ئازادیی بڕیاردانی هاوڵاتیان دەخاتە مەترسییەوە.

مەترسیی سێیەم "**چاودێریی دیجیتاڵی و کۆکردنەوەی بەرفراوانی زانیاریی**"یە. ژیریی دەستکرد دەتوانێت زانیاریی جیاواز- وەک ناسنامە، شوێن، وێنە، هەڵسوکەوتی

دیجیتاڵی و پەیوەندییەکان پێکەوە ببەستێتەوە و وێنەیەکی زۆر ورد لە ژیانی تاکەکەس دروست بکات. ئەگەر ئەم تواناییە بەبێ سنووری یاسایی و چاودێریی، سەربەخۆ بەکاربهێنرێت، دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ چاودێریی بەکۆمەڵ و گوشارخستنە سەر کۆمەڵەی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان و هاوڵاتیان. ڕێکخراوەی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووریی مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە چاودێریی بە پشتبەستن بە ژیریی دەستکرد دەتوانێت کەشێکی ترس و بێمتمانە دروست بکات، هەوەها بە تایبەت لە حکومەتە نادیموکراتیکەکاندا، بتوانێ توانایی دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەرز بکاتەوە.

مەترسییەکی دیکەی گرنگ **کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵات لە دەستی دەوڵەت و تاقمێک کۆمپانیادایە.** ژیریی دەستکرد پێویستی بە زانیاریی، سەرمایە، چیپی ئەلکترۆنی، توانایی کامپیۆتری و شارەزاییی زانستی هەیە. ئەگەر ئەم سەرچاوە بنەڕەتییانە لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە کۆمپانیا یان دەوڵەتدا کۆببنەوە، کەلێنی جیاوازیی و کێشەی نێوان ئەوان و کۆمەڵگا یان دەوڵەتانی لاوازتر دەتوانێت گەلێک گەورەتر بێتەوە. بۆیە ڕێکخراوەی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووریی کۆبوونەوەی هێز لە دەستی تاقمێک "کۆمپانیا یان وڵات» بە یەکێک لە مەترسییە گەورەکان بۆ سەلماندن و بەڕێوەبردنی داهاتووی ژیریی دەستکرد دادەنێت.

لە ڕوانگەیەکیتریشەوە، **بڕیاردانی ئۆتۆماتیکیی حکومەت** دەتوانێت کێشەی دادپەروەریی و بەرپرسیارێتی دروست بکات. ئەگەر سیستەمێکی ژیریی دەستکرد بۆ دیاریکردنی مەترسیی تاوان، پێدانی خزمەتگوزاریی، چاودێریی سنوور، بڕیاردانی دادگایی یان هەڵسەنگاندنی داواکارییەکانی هاوڵاتیان بەکاربهێنرێت، پرسیارێکی بنەڕەتی دروست دەبێت: ئەگەر بڕیارەکە هەڵە بێت، **کێ بەرپرسیارە**؟ هەروەها ئەگەر خەڵک نەتوانن بزانن بۆچی سیستەمەکە بڕیارێکی دیاریکراوی داوە، شەفافیەت و توانایی هاوڵاتی بۆ پێداچوونەوە بە بڕیارەکە لاواز دەکات. ڕێکخراوەی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووریی جەخت لەوە دەکاتەوە کەمیی شەفافیەت و ڕوونکردنەوە دەتوانێت بەرپرسیارێتیی دامەزراوەکان لاواز بکات و متمانەی هاوڵاتیان بە حکومەت کەم بکاتەوە.

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، ژیریی دەستکرد دەتوانێت ببێتە بەشێک لە **پێشبڕکێی نوێی هێزی سیاسی و سەربازیی**. وڵاتانی جیهان بۆ بەدەستهێنانی توانایی زۆرتر لە بوارەکانی ئابووریی، سایبەریی، زانیاریی و سەربازیدا لە پەرەپێدانی ژیریی دەستکرد بەردەوام پێشبڕکێ دەکەن. ئەگەر پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی لە پەرەپێدانی یاسا و میکانیزمەکانی چاودێریی خێراتر بێت، هەر وەک ئاماژەمان پێکرد کەلێنێک لە نێوان «توانایی تێکنۆلۆژیی» و «توانایی بەڕێوەبردن» دروست دەبێت. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکانی

خۆیاندا جەخت لە پێویستیی دروستکردنی سیستەمێکی نێودەوڵەتی بۆ بەڕێوەنردنی ژیریی دەستکرد و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان دەکەن.

بەم پێیە، مەترسیی سەرەکیی تێکنۆلۆژیی ژیریی دەستکرد لە سیاسەتدا تەنیا لە خودی تێکنۆلۆژییەکەوە سەرچاوە ناگرێت؛ بەڵکوو زیاتر بە چلۆنایەتیی"**شێوازی بەکارهێنان، کۆنترۆڵکردن و دابەشکردنی هێز**"ەکانییەوە پەیوەستە. دەتوانێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا ئامرازێک بێت بۆ بەرزکردنەوەی شەفافیەت و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەڵام لە سیستەمێکدا کە چاودێریی دامەزراوەیی، ئازادیی ڕاگەیاندن، دادگای سەربەخۆ و پاراستنی زانیاریی تێیاندا لاوازن، ئەم توانایییەی تێکنۆلۆژیی دەتوانێت بۆ پێکهێنانی هێزێکی سیاسی دیکتاتۆریی و کەمکردنەوەی ئازادییە مەدەنییەکان بەکاربهێنرێت. بۆیە کێشەی سەرەکی لە داهاتووی ژیریی دەستکرد بریتییە لە دروستکردنی **هاوسەنگیی لە نێوان توانایی تێکنۆلۆژیی و سنووری دەسەڵات؛** واتە تێکنۆلۆژیی پێش ئەوەی دەسەڵاتی حکومەت زیاد بکات، دەبێت میکانیزمی بەرپرسیارێتی، شەفافیەت، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاودێریی سەربەخۆ پەرە پێبدات.

## نەتەوە یەکگرتووەکان و داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی

نەتەوە یەکگرتووەکان هێشتا گرنگترین دامەزراوەی جیهانیین بۆ گفتوگۆی نێوان دەوڵەتەکان. بەڵام کێشەکە ئەوەیە هێزە گەورەکان زۆرجار لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری جیهانی و کێشە ناوچەییەکان ناکۆکن.

لە لایەکەوە، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەوڵ دەدەن سیستەمی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی پێشوو بپارێزن؛ لە لایەکی ترەوە، چین و ڕووسیا و هەندێک دەوڵەتی ئەندامانی"Global South" داوای گۆڕانکاریی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی جیهانی دەکەن. کێشەکە تەنیا ئەوە نییە **کێ دەبێ کاروباری جیهان بەڕێوەببات؟**

پرسیاری گەلێک قووڵتر ئەوەیە:

**کێ دەبێت بڕیار لەسەر دانانی یاساکانی جیهانی بدات، کێ دەبێت چاودێریی جێبەجێکردنیان بکات، هەروەها کێ دەبێت لە بڕیارە جیهانییەکاندا دەنگی هەبێت؟**

**جیهانی ئێمە لە کوێیە و بەرەو کوێ دەچێت؟**

سیاسەتی جیهانیی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر **پێنج چەشن هێز** هەڵدەسووڕێ:

١**.هێزی سەربازیی،** چەک، مووشەک، توانایی هەوایی، دەریایی، فەزایی و هێزی ناوکی؛ ٢.**هێزی ئابووریی،** دۆلار، بازرگانی، سەرمایە، وزە، کانزاکان و زنجیرەی دابینکردن؛ ٣.**هێزی تێکنۆلۆژیی،** چیپی ئەلکترۆنی، ژیریی دەستکرد، تێکنیکی کوانتۆم، شەڕی سایبەریی و زانیاریی؛ ٤.**هێزی زانیاریی،** میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، داتا(زانیاریی) و توانایی کاریگەریکردن لەسەر کۆمەڵگا؛ ٥.**هێزی دیپلۆماسی و هاوپەیمانی،** NATO، EU، BRICS، SCO و کۆمەڵەی ڕێکخراو و هاوپەیمانییە ناوچەیی و جیهانییەکان.

لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەم پێنج چەشن هێزە بە تەنیا کار ناکەن؛ بەڵکوو زۆرجار بۆ کاریگەریی بە یەکەوە تێکەڵ دەکرێن. بۆ نموونە، **چیپی ئەلکترۆنی** شتێکی تێکنۆلۆژییە، بەڵام دەکرێت ببێتە ئامرازێکی ئابووریی و سیاسی؛ **نەوت** سەرچاوەیەکی ئابوورییە، بەڵام کاریگەریی سەربازیی و جیوپۆلیتیکی هەیە؛ هەروەها **ژیریی دەستکرد** سیستەمێکی تێکنۆلۆژییە، بەڵام دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ئاسایش، دۆخی ئابووریی و حوکمڕانی دابنێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان دوای کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەم لە ساڵی **١٩٤٥** بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان دەوڵەتان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دامەزرا. ئەم ڕێکخراوەیە خۆی «دەوڵەتی جیهانی» نییە؛ بەڵکوو دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتییە کە بنەمای سەرەکیی کارکردنی بریتییە لە **هاوکاریی نێوان دەوڵەتە سەربەخۆکان**.

لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، UN یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی دروستکردنی یاسا، ڕێسا و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام توانایی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سنووردارە، چونکە دەوڵەتەکان هێشتا یەکەی سەرەکیی سیستەمی نێودەوڵەتین.

## کاریگەریی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر سیاسەتی جیهانی

کاریگەریی UN تەنیا لەسەر بڕیاری سیاسی نییە؛ بەڵکوو لە چوارچێوەیەکی فراوانتر لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی دەتوانێت بەم شێوانە کاریگەریی هەبێت:

### یەک: پاراستنی ئاشتی و ئاسایش

ئەنجومەنی ئاسایش گرنگترین دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ هەڵسوکەوت لەهەنبەر مەترسییەکانی وەک ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی. ئەنجومەنەکە دەتوانێت سزای ئابووریی دابنێت، بڕیاری سیاسی بدات و لە

هەندێک بارودۆخدا ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزی نیزامی بۆ چارەکردنی کێشەکان بدات.

بەڵام ""**ڤیتۆ"ی** پێنج ئەندامی وڵاتانی **"**ئەمریکا"، "ڕووسیا"، "چین"، "فەڕەنسا" و بەریتانیا. سنووڕێکی گرنگ بۆ کارکردنی ئەنجومەنی ئاسایش پێکدێنێت. هەر یەکێک لەم پێنج دەوڵەتە دەتوانێت بە ڤیتۆکردنی بڕیارێک ڕێگریی لە پەسەندکردنی بکات. بۆیە زۆرجار بڕیارەکانی UN تەنیا بە پێی یاسا و پێویستیی مرۆیی دیاریی ناکرێن، بەڵکوو کاریگەریی هاوسەنگیی هێزی جیهانیش لەسەریان قورسایی دەکات.

**دووەم: یاسای نێودەوڵەتی**

UN ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی، مافەکانی مرۆڤ، یاساکانی شەڕ، کێشەی پەنابەریی، ژینگە و هاوکاریی نێودەوڵەتی. بەم شێوەیە، UN تەنیا شوێنێک نییە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردە سیاسییەکان؛ بەڵکوو بەشێکە لە **بنەما و ژێرخانی یاسایی و دامەزراوەیی سیستەمی جیهانی.**

**سێیەم: پەرەپێدان**

ڕێکخراوەکانی UN لە کێشەی هەژاریی ناو کۆمەڵ، ڕاهێنان، خوێندن، تەندروستی، ژینگە، خواردن و پەرەپێدانی ئابووریی کاریگەرییەکی بەرفراوانیان هەیە. بەتایبەتی **ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (Sustainable Development Goals)**

نموونەیەکن لە هەوڵێکی جیهانی بۆ دانانی ئامانجی هاوبەش بۆ دەوڵەتەکان.

## کێشەی سەرەکی UN ڕاگرتنی باڵانسی هێزە

یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی زانستی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە: **ئایا دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی دەتوانێت کۆنترۆڵی زلهێزەکان بکات؟**

لە ڕاستیدا، توانایی UN زۆرجار بە ڕاگرتنی باڵانسی هێزی نێودەوڵەتی پەیوەستە. ئەگەر زلهێزەکان لەسەر بابەتێک هاوڕا بن، UN دەتوانێت کاریگەریی زۆری هەبێت؛ بەڵام کاتێک بەرژەوەندیی سەرەکیی ئەو دەوڵەتانە دژ بە یەکتر بن، بڕیاری UN دەتوانێت تووشی بنبەست بێت. بۆیە، **"UN" نە جێگرەوەی دەوڵەتەکانە و نە حکومەتی جیهانییە**؛ بەڵکوو میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان.

## داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی

لە سەدەی بیست و یەکەمدا جیهان بە خێرایی لە حاڵی گۆڕاندایە. هێزی ئابووریی و تێکنۆلۆژیی نێوان ئەمریکا، چین، ئەورووپا، ڕووسیا، هیندوستان و هێزە ناوچەییەکاندا بە شێوەیەکی نوێ دابەش دەبێت. هاوکاتیش، کێشەکان تەنیا کێشەی نێوان دوو دەوڵەت نین. **گۆڕانی کەشوهەوا، گەشە و پەرەسەندنی بەردەوامی ژیریی دەستکرد، ئەمنییەتی**

**سایبەری، کێشەی پەنابەریی وڵاتانی هەژار و قەیران تێکەوتوو، پاندێمییەکان، تیرۆر، وزە و بەکارهێنانی ئاسمان و فەزا** کێشەیەکی جیهانین و بە تەنیا لەلایەن یەک دەوڵەتەوە چارەسەر ناکرێن. دیارە ئەمەش گرنگیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان گەلێک بەرز دەکاتەوە، بەڵام هاوکاتیش پێویستی بە **ڕێکخستنەوە و نوێکردنەوەی مێکانیزمی UN** دەبێ.

**ئایا UN لە داهاتوودا دەگۆڕێت؟**

لە توێژینەوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا چەند گۆڕانکارییەکی گشتی دەبینرێت:

- **گۆڕینی پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایش** بۆ ئەوەی دابەشبوونی هێزی جیهانیی ئەمڕۆ باشتر نوێنەرایەتی بکرێت.
- **زیادکردنی ڕۆڵی دەوڵەتەکانی "Global South"** لە بڕیاردانی جیهانی.
- **بەهێزکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی** لە بواری کەشوهەوا، تێکنۆلۆژیی و ژیریی دەستکرد.
- **دروستکردنی ڕێسای نوێ** بۆ تێکنۆلۆژییە نوێیەکان و بەتایبەتی ژیریی دەستکرد.

- **زیادکردنی کاریگەریی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان** لە کێشە جیهانییەکان کە سنووری نیشتیمانی ناناسن.

داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی جیددی بەوەوە پەیوەستە کە **چلۆن سەقامگیریی لەنێوان سەروەریی دەوڵەتەکان و بەرژەوەندیی هاوبەشی مرۆڤایەتی دروست دەکرێت.**

لە لایەکەوە، دەوڵەتەکان هێشتا یەکەی سەرەکیی سیاسەتی جیهانین؛ لە لایەکی تریشەوە، هیچ دەوڵەتێک بە تەنیا ناتوانێت گۆڕانی کەشوهەوا، پاندێمی، ژیریی دەستکرد، ئەمنییەتی سایبەریی یان مەترسیی نوێی جیهانیی چارەسەر بکات. لەبەر ئەوە، **داهاتووی UN بە ئەگەرێکی زۆر بە توانایی دەوڵەتەکان بۆ دروستکردنی هاوکارییەکی نوێ و ڕێکخراوەیی پەیوەستە.** ئەگەر سیستەمی نێودەوڵەتی بتوانێت ڕێکخستنەکانی خۆی لەگەڵ دابەشبوونی نوێی هێز و کێشەی نوێی جیهانیی بگونجێنێت، UN دەتوانێت هێشتا یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی بەڕێوەبەری کاروباری جیهانی بێت؛ بەڵام ئەگەر ناکۆکیی نێوان زلهێزەکان و بنبەستی دامەزراوەیی بەردەوام ببنەوە، کاریگەرییەکەی لە هەندێک بواردا سنووردارتر دەبێتەوە.

سیستەمی جیهانیی سەدەی بیست و یەک لە دۆخێکی گواستنەوەدایە. سیستەمی کۆنی جیهانی هێشتا بە تەواوی

نەڕووخاوە، بەڵام سیستەمێکی نوێش هێشتا بە تەواوی جێگیر نەبووە. لە نێوان ئەم دوو دۆخەدا، هێزە گەورەکان لەگەڵ یەکتر ڕکابەریی دەکەن و هاوکاتیش ناچار بە هاوکاریی لەسەر کێشە جیهانییەکان دەکرێن.

لە گۆشەیەکی جیهاندا **ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی** هەوڵ دەدەن کاریگەریی خۆیان بپارێزن؛ لە لایەکی دیکە **چین، ڕووسیا و هەندێک دەوڵەتی "Global South "** داوای مەیدانی زیاتر بۆ وەرگرتنی هێز لە سیستەمی جیهانی دەکەن. ئورووپا هەوڵ دەدات توانایی ستراتیژیی خۆی بەهێز بکات، هەروەها ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بەهۆی شوێنی جغرافیایی و سەرچاوە و کێشە سیاسییەکانیان، هێشتا گرنگیی جیوپۆلیتیکییان هەیە. هاوکاتیش، **ژیریی دەستکرد و تێکنۆلۆژیی نوێ** دەبنە هێزی نوێی بەڕێوەبەری سیاسەت. ئەمە واتە لە داهاتوودا ئەو دەوڵەتانەی تەنیا چەکی زۆریان هەبێت بەهێز نابن؛ بەڵکوو ئەوانەی بتوانن **زانست، تێکنۆلۆژیی، ئابووریی، زانیاریی و دیپلۆماسی** بە یەکەوە بخەنەگەڕ، دەتوانن کاریگەریی زیاتریان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هەبێت.

بەم پێیە، سیاسەتی جیهانیی سەدەی بیست و یەک **تەنیا ململانێی دەوڵەتەکان نییە؛ بەڵکوو ململانێی سیستەم، زانیارییەکان، دۆخی ئابووریی و تێکنۆلۆژییەکانیشە.**

ئەگەر سەردەمی شەڕی سارد (١٩٤٧–١٩٩١) لەگەڵ سەردەمی ئێستا، کە تێکنۆلۆژیی دیجیتاڵی، ژیریی دەستکرد لە بەڕێوەبردنی جیهاندا ڕۆڵی گەورە دەگێڕن بەراورد بکەین، جیاوازییەکە تەنیا لە چەشنی کێبەرکێی نیزامیدا نییە؛ بەڵکوو لە خودی مانای هێز و شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسەتی جیهانیدایە. واتە شێوازێک لە دوو جەمسەرییەوە بۆ چەند جەمسەریی. لە سەردەمی شەڕی ساردا سیستەمی جیهانی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەوری دوو زلهێز دەسووڕایەوە :**ئەمریکا** و **یەکێتیی سۆڤیەت**. ئەم دوو بلۆکە بە شێوەیەکی گەلێک ڕوون، هاوپەیمان و دژبەرەکانیان دیاریی دەکردن.

بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە گۆڕاوە و گەلێک ئاڵۆزترە. ئەمریکا، چین و ڕووسیا هەر یەکەیان هێزی جیوپۆلیتیکی گەورەیان هەیە، هاوکاتیش یەکێتیی ئەوروپا، هندوستان، ژاپۆن و هێزە ناوچەییەکانیش تا ڕادەیەک لە بڕیارە جیهانییەکاندا کاریگەرییان هەیە. بۆیە سیستەمی ئەمڕۆ ئیتر لە دەستی دوو زلهێزی پێشووی جیهان دەرچووە.

"هێزی سەربازیی" پێشوو بۆ "کۆمەڵێک چەشنی هێز" گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە شەڕی ساردا سەرکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر بە هێزی سەربازیی، چەکی ئەتۆمی، مووشەک و توانایی وێرانکردنی دوژمنەوە پەیوەندیی هەبوو. ئەمڕۆ هێز گەلێک فراوانتر بۆتەوە. زلهێزێک دەبێت هاوکات توانایی سەربازیی، ئابووریی، تێکنۆلۆژیی، داتا و زانیاریی، ژیریی

دەستکرد، وزە، زنجیرەی بەرهەمهێنان، کاریگەریی ئایدۆلۆژیی و هێزی سایبێری هەبێت. ناتۆ لە ستراتیژیی دیجیتاڵیی خۆیدا بە ڕوونی باس لە بڕیاردانی خێرا، چەکی زانیاریی، هاوکاریی نێوان مرۆڤ و ماشین و توانایی دیجیتاڵی دەکات.

جیاوازییەکی گرنگی دیکە: شەڕی سارد لە"پشت پەردەوە" بوو، بەڵام شەڕی نوێ زۆرجار "بێ سنوور"ە و بە ئاشکرایی بەڕێوە دەچێت. لە شەڕی سارددا زلهێزەکان زۆرجار ڕووبەڕووی یەکتر نەدەبوون و شەڕێکی ڕاستەوخۆیان بەڕێوەنەدەبرد؛ بەڵکوو لە ڕێگەی **شەڕی نیابەتی، کودەتا، یارمەتیدانی سەربازیی و پشتیوانیی حکومەت و گرووپە جیاوازەکان** ململانێیان دەکرد. دیارە ئەمڕۆش ئەو شێوازانە هەر هەن، بەڵام چەشنی نوێیان لێ زیاد بووە: **شەڕی سایبەریی + زانیاریی + تێکدانی ژێربەناکان + گوشاری ئابووریی + شەڕی تێکنۆلۆژیی + و هتد...**

ناتۆ ئەم چەشنە هەڕەشانە بە "هەڕەشەی هایبریدی" واتە بەکارهێنانی چەند شێوازی گوشار و ململانێ لە یەک کاتدا وەسف دەکات؛ لەوانەش هێرشە سایبەرییەکان، کاریگەریکردن لەسەر دامەزراوەی دیموکراتیک و هەڵمەتی زانیاریی و دیسئینفۆرمەیشن.

**زانیاریی لە "سەرچاوەی هێز"وە بووە بە «خودی مەیدانی شەڕ».** ئەمە ڕەنگە یەکێک لە گەورەترین

جیاوازییەکان بێت. لە شەڕی سارددا **ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، ڕۆژنامە و پروپاگەندا** گەلێک گرنگ بوون. بەڵام دەسەڵاتی زانیاریی زۆرتر لە دەستی دەوڵەت و دامەزراوە گەورەکاندا مابۆوە. ئەمڕۆ بەهۆی ئینتەرنێت و کۆمەڵەی مێدیاکانەوە، زانیاریی لە چەند چرکەیەکدا دەتوانێت بگاتە ملیۆنان کەس. بۆیە **متمانە، ڕای گشتی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا** خۆیان بوونەتە بەشێک لە مەیدانی ململانێی سیاسی. لە سەردەمی شەڕی سارددا، حکومەتەکان تێچوو و سەرچاوەیەکی زۆریان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر نەیاران و هاوپەیمانەکانیان تەرخان دەکرد. دامەزراوەکانی هەواڵگریی و جاسوسی بە شێوەی نهێنی هەوڵیان دەدا زانیاریی لەسەر کەسان، حکومەتەکان، پلاندانان و تواناییەکانی نەیاران بەدەست بهێنن. بەڵام لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، سروشتی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕاوە. ئەمڕۆ مرۆڤ، زۆرجار بە ویستی خۆیان، بەشێکی زۆر لە زانیارییەکانی ژیانیان لەسەر ئینتەرنێت و کۆمەڵە مێدیاییەکان دادەنێن؛ وێنە، شوێن، پەیوەندییەکان، حەز و ئارەزووەکان، بۆچوونەکان، هەڵسوکەوت و تەنانەت شێوازی ژیانیان. ئەو زانیارییانە دەتوانرێت کۆبکرێنەوە، پۆلێن بکرێن و بە یارمەتیی ئالگاریتم و ژیریی دەستکرد شیکاریی بکرێن.

لەو ڕووەوە، جیاوازیی سەردەمی شەڕی سارد و سەردەمی دیجیتاڵ تەنیا لە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژییدا نییە؛ بەڵکوو لە گۆڕانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و زانیاریشدایە. لە ڕابردوودا

دەوڵەت دەبوو بە زەحمەت و بە تێچووی زۆر بەدوای زانیاریی تاکەکان و کۆمەڵگادا بگەڕێت؛ ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لەو زانیارییە خۆمان بەرهەمی دەهێنین و لە ژینگەی دیجیتاڵدا لەخۆمانی بەجێی دەهێڵین.

بەم شێوەیە، «زانیاریی» بووەتە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی هێز. کێ زانیاریی زیاتری هەبێت و بتوانێت بە شێوەیەکی زیرەکانەتر شیکارییان بکات، دەتوانێت ئاگاداریی قووڵتر و بە مانا لەسەر هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵگا بەدەست بهێنێت. لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا، کێشەکە تەنیا ئەوە نییە «کێ زانیاریی لەسەر ئێمە هەیە؟»، بەڵکوو پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: «کێ دەتوانێت شیکاریی بەهێز بۆ ئەو زانیارییانە بکات و چلۆن بەکاریانبهێنێت«

ناتۆ لە هەمان چوارچێوەدا مرۆڤ ئاگادار دەداتەوە کە هەڕەشە زانیارییەکان دەتوانن متمانە بە حکومەت و دامەزراوە گشتییەکان لاواز بکەن.

**ژیریی دەستکرد دۆخێکی نوێ پێکدێنێ: دیارە** لە شەڕی ساردیشدا کامپیۆتر هەبوو، بەڵام **ژیریی دەستکرد** بە شێوەی ئەمڕۆ نەبوو. ئەمڕۆ ژیریی دەستکرد دەتوانێت لە: شیکردنەوەی زانیاریی، ناسینەوەی وێنە و دەنگ، دروستکردنی ناوەڕۆکی ساختە، پێشبینیکردنی هەڵسوکەوت، بڕیاردانی سەربازیی، شەڕی سایبەری، سیستەمی چاودێریی و بەشێک لە سیستەمەکانی فرماندەیی و کۆنترۆڵ ڕۆڵێکی

گرنگ بگێڕێت. "SIPRI"[٥] لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٦دا باس لەوە دەکات ئەمریکا و چین هەردووکیان هەنگاویان بەرەو تێکەڵکردنی ژیریی دەستکرد لە سیستەمی پەیوەندیدار بە چەکی ئەتۆمییەوە هەڵێناوە. ئەمە واتە تێکنۆلۆژیی تەنیا ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی شەڕ نییە؛ بەلکوو بەشێکە لە پرۆسەی بڕیاردان و هەژمارکردنی هێز.

**دیارە** کێشەی چەکی ئەتۆمی هێشتا هەر گرنگە، بەڵام تەنیا ئەتۆم نییە. دەبێت ئاگاداربین و وا بیر نەکەینەوە تێکنۆلۆژیی نوێ جێگەی چەکی ئەتۆمی گرتووەتەوە. بەپێی پەیمانگای نێودەوڵەتی ئاشتیی ستۆکهۆڵم، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٦دا نزیکەی ١٢,١٨٧ چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا هەن و نۆ دەوڵەت خاوەنی ئەم چەکە ئەتۆمییانەن. هەروەها زۆربەی دەوڵەتە ئەتۆمییەکان لە پرۆسەی نوێکردنەوەی هێزەکانیاندا بەردەوامن. کەواتە جیهانی ئەمڕۆ لە جیهانی ئەتۆمیی شەڕی سارد دوور نەکەوتووەتەوە؛ بەڵکوو لەسەر ئەو بنەمایە، تێکنۆلۆژیی نوێ، شەڕی سایبەریی و ئاسمانیشی لێ زیاد کراوە.

بارودۆخی ئابووریی خۆی بووەتە چەکێکی گەلێک بەهێز. لە شەڕی سارددا هەڵبژاردنی سیستەمی سەرمایەداریی یان سۆسیالیستی گەلێک گرنگ بوو. بەڵام ئەمڕۆ چەشنێکی نوێی

---

[٥] پەیمانگای نێودەوڵەتی ئاشتیی ستۆکهۆڵم " Stockholm International Peace Research Institute "

ململانێی ئابووریی هاتۆتە ئاراوە: چیپی ئەلکترۆنی، ژێریی دەستکرد، زانیاریی، کانزا ستراتیژییەکان، وزە، زنجیرەی بەرهەمهێنان و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو. بۆ نموونە، کۆنترۆڵکردن یان دەستگەیشتن بە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی "semiconductor"[٦] دەتوانێت کاریگەرییەکی ستراتیژیی لەسەر توانایی سەربازیی و ئابووریی هەبێت.

ئاسمان و شەڕی سایبەریی بوونەتە مەیدانی نوێی ململانێ. دیارە لە شەڕی سارددا فەزا گەلێک گرنگ بوو، بە تایبەتی لە ڕکابەری ئاسمانی ئەمریکا و سۆڤیەت. بەڵام ئەمڕۆ فەزا تەنیا شوێنی نیشاندانی توانایی زانستی نییە؛ ساتەلایتەکان، زانستی پەیوەندیی، GPS/PNT، تێکنیکی چاودێریی و هەندێک توانایی سەربازیی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دۆخی ئاسایشەوە هەیە. ناتۆ فەزا بە مەیدانێکی زیاتر پێشبڕکێکراو و گرنگ بۆ توانای سەربازیی دەزانێت.

بۆیە بە گشتی دەتوانین بڵێین: لە شەڕی سارددا پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو کە **»کام بلۆک هێزی سەربازیی و ئەتۆمیی زیاتر هەیە؟«**؛ بەڵام لە سەردەمی ئێستادا پرسیارەکە گەلیک فراوانتر بۆتەوە» :**کام دەوڵەت دەتوانێت هەموو شێوەکانی هێز، سەربازیی، ئابووریی، زانیاریی، کۆکردنەوەی داتا، تێکنۆلۆژیی، شەڕی سایبەریی،**

[٦] نیمەهادی ماکەیەکە کە توانایی گواستنەوەی کارەبا لە نێوان **هادییەکان** و **نەهادییەکان** دایە. بە شێوەیەکی سادە، ماکەیەکە کە دەتوانرێت ڕێژەی گواستنەوەی کارەباکەی کۆنترۆڵ بکرێت.

لێهاتوویی ژیریی دەستکرد و داگیرکردنی ئاسمان بە یەکەوە بەڕێوە ببات؟»

## گوتەی کۆتایی

لە جیهانێکدا کە پەیوەندییەکان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەیەکەوە گرێدراون، هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بە تەنیا چارەسەری کێشە جیهانییەکان بکات. داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی تەنیا بە یارمەتیی هێزی سەربازیی و ئابووریی دیاریی ناکرێت، بەڵکوو بە هێز و توانایی مرۆڤایەتی بۆ دروستکردنی هاوکاریی نێوان چین و توێژی کۆمەڵگاکان، هەروەها دامەزراندنی یاسای گونجاو، دابینکردنی دادپەروەریی و متمانەی نێودەوڵەتی پێکدێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرەڕای سنووورداربوون و کێشەکانی، هێشتا یەکێکە لە گرنگترین چوارچێوەکانی گفتوگۆ و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان. داهاتووی ئەم ڕێکخراوەش تا ڕادەیەکی زۆر بەوە پەیوەستە جیهان چلۆن بتوانێت لەگەڵ گۆڕانی دابەشبوونی هێز، پەرەسەندنی خێرای تێکنۆلۆژیی، ژیریی دەستکرد، گۆڕانی کەشوهەوا و کێشەی داهاتووی مرۆڤایەتی خۆی بگونجێنێت.

ئەگەر چارەکردنی ئەم کێشانە لەسەر بنەمای هاوکاریی، یاسا و مافەکانی مرۆڤ بێت، نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت لە داهاتووشدا ببێتە یەکێک لە گرنگترین

کۆڵەکەی سیستەم و میکانیزمی نێودەوڵەتی. بەڵام ئەگەر ناکۆکیی نێوان زلهێزەکان و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان هەمیشە لەسەرووی بەرژەوەندیی هاوبەشی مرۆڤایەتی بێت، کاریگەریی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نەک هەر سنووردار دەبێت، بەڵکوو دەتوانێ لە داهاتوودا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەمێنێت.

**داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی، لە بنەڕەتدا، تاقیکردنەوەیەکە بۆ توانایی مرۆڤایەتی لەوەی لە جیهانێکی پڕ لە جیاوازیی و پێشبڕکێدا، هاوبەشییەکی نوێ بۆ ژیانێکی ئاشتییانە و دادپەروەرانە دروست بکات.** لە کۆتاییدا، دەبێ جارێکیتر ئاماژە بەوە بکەم **ئاشتی و سەقامگیریی جیهان، بە هێز و یارمەتیی یەک دەوڵەت دروست نابێت؛ بەڵکوو بە هاوکاریی نێوان گەلان و دەوڵەتان و بە دامەزراندنی سیستەمێکی نێودەوڵەتیی دادپەروەرتر و بەرپرسیارتر دروست دەبێت.**